# لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی لە بارەی ئابووری ڕۆژنامە (ڕۆژنامەی خەبات وەک نموونە)

**ئا: گۆران مستەفا محەمەد**

*ئەم لێکۆڵینەوەیە پێشکەشکراوە بەکۆلیژی بەڕێوەبردن و ئابووری زانکۆی سەلاحەدین وەک بەشێک لە پێویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە ئابووری.*

*لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکییەک و دوو لایەنی تیۆریی و مەیدانیی پێکهاتووە. لایەنە تیۆرییەکە دوو بەشە لە بەشی یەکەمدا ناسینی ڕۆژنامەو دیاریکردنی گرنگییەکەی لەڕووی ئابووری و کۆمەلایەتییەوە خراوەتەڕوو. ئەم بەشە سێ باسی لەخۆگرتووە، باسی یەکەم ڕۆژنامە لەڕووی ناوەڕۆکەوە دەناسێنێ و مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی باس دەکات هەروەها ئەرکەکانی ڕۆژنامە دەستنیشان دەکات.*

*لە باسی دووەمدا ڕۆڵی ڕۆژنامە لەگەشەپێدانی ئابووریدا باس دەکات دواتر قسە لەسەر ئەوە دەکات کە ڕۆژنامە چ*

*ڕۆڵێک دەبینێت لە پەرەپێدانی ئابووریدا.*

*لە باسی سێیەمیشدا باسی ڕۆڵی ڕۆژنامە کراوە لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا.*

*بەشی دووەمی تەرخانە بۆ ئابووری ڕۆژنامە کە چوار باس لەخۆ دەگرێ و لێرەدا هاوپێچ لەگەڵ بەشی سێیەم کە لایەنی مەیدانیی لێکۆڵینەوەکەیە و، بەشی چوارەم کە دەرەنجام و پێشنیارەکان بڵاودەکەینەوە.*

*لێکۆڵینەوەکە دەیەوێ گریمانەیەک بسەلمێنێ کە ڕۆژنامەتایبەتمەندێتی ئابووری هەیەو، بەشێوەیەکی ئیجابی دەبێتە هۆی پەرەپێدانی ئابووری، ئەگەرچی ڕۆژنامەکان لە کوردستاندا تاکو ئێستا ئەو ڕۆڵەیان نەبینیوە کە پێویست بووە بیبینن.*

*ئامانجی لێکۆڵینەوەکە وەکوو ئامادەکار ئاماژەی پێکردووە بریتییە لە دیاریکردنی ئابوورییانەی ڕۆژنامە وەک هەر دامەزراوێکی دیکە کە تێچوون و داهاتی خۆی هەیەو، پێوبستە ئابوورییانە لێی بکۆڵرێتەوە، سەرەڕای ئەوەی مەبەستیشە کە بزانرێ ئایا لە کوردستاندا ئابوورێتی ڕۆژنامە هەیە.*

*لێکۆڵەرەوە لە باسی دووەمی بەشی یەکەمدا و لەژێر ناونیشانی ڕۆڵی ڕۆژنامە لەگەشەپێدانی ئابووریدا دەڵێ:*

*کاتێک قسە لە بارەی گەشەپێدان دەکەین، ئەوا جیاوازی ناکەین لەنێوان ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی، گەشەپێدان بەمجۆرە پرۆسەیەکی تەواوە کە لایەنە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی دەگرێتەوە[١]، بەڵام ئەوەی لێرە مەبەستمانە گەشەپێدانی ئابووریە، کە بریتییە لە ئاراستەکردنی توانای ئابووری لە بارەی زیادکردنی بەرهەم بۆ هەریەک لە داهاتی نەتەوەیی و ناوەندی بەرهەمی تاک لە وڵاتدا[٢]. کەواتە پرۆسەی گەشەپێدان بەیەک لە مەرجە سەرەکییەکانی پێشکەوتنی ئابووری دادەنرێت لەڕووی بەرزی ئاستی داهاتی تاکەکەس لە وڵاتدا، کە پێوەری پێشکەوتنی ئابوورییانەی وڵاتەو، کاتێک ئاستی داهات لە وڵاتێکدا بەرزبێت مانای خۆشگوزەرانی ئابووری دەدات.*

*بەشێوەیەکی گشتی پرۆسەی گەشەپێدان بنەماو پرەنسیپی گشتی هەیە کە پشتی پێدەبەسترێ، لەوانە[٣]:*

**١- سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری:**

*وڵاتێکی سەربەخۆ توانای زیاتری هەیە بۆ گەشەپێدان لە وڵاتێکی وابەستەیی سیاسی و ئابووری، چونکە کاتێک هەڵدەستن بەپرۆسەی گەشەپێدان خاوەنی بڕیارنین و بڕیاردان لێی ئاسان نییە.*

**٢- بوونی کەرەستەی سروشتی:**

*وڵاتێکی دەوڵەمەند بەکەرەستەی سروشتی لە سامانی کانزایی و زەوی بەپیت و سەرچاوەی ئاو و، ناوەندێکی ستراتیجی... هتد. توانای زیاتری هەیە بۆ گەشەپێدان لە وڵاتێک کە هەژارە بەم کەرەستانە.*

**٣- سەرچاوەی مرۆییە ڕاهێنراوەکان:**

*کە خۆی لەسەر مایەی مرۆیی دەبینێتەوە لەهەر کۆمەڵگایەکدا و هێزی کار بەیەکێک لە فاکتەرەکانی بەرهەم هێنان دادەنرێت، هەروەها گۆڕانی کۆمەڵایەتی یان ئابووری کە لەهەر کۆمەڵگایەکدا ڕوودەدات لەسەر ژمارەی ئەم هێزی کارەو تواناو لێهاتوویان دەوەستێت.*

**٤- بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ:**

*بێگومان پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا یەکێکە لە پاڵپشتیە سەرەکیەکانی تری پەرەپێدان، شۆڕشی پیشەسازی کە ئەوروپا لە سەدەی حەڤدەهەمدا بەخۆیەوە بینی، خاڵی وەرچەرخان بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، کۆمەڵگا ناتوانێت بەناو پرۆسەیەکی تەواوی گەشەپێداندا تێپەڕێت، ئەگەر تەکنەلۆژیای نوێ بەکارنەهێنێت لە هەموو بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و گواستنەوەو گەیاندن.. هتد.*

**٥- پاڵپشتی کردنی دامەزراوە فێرکاری و ڕاهێنانیەکان:**

*یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی تازە پێگەیشتوو ئەوەیە کە دەناڵێنێ بەدەست کەمی کاریگەری ئەوەندە فێرکاری و ڕاهێنانیەکانی لەسەر گەیشتن بەپەرەپێدان، کە ئەمەش پەیوەندی هەیە بەدوو خاڵی پێشوو لەتەکنەلۆژیای نوێ و توانای لێهاتوویی و وردبینی و هونەری.*

**٦- هەستکردنی خەڵکی بەپێویستی بوونی گەشەپێدان:**

چەند پلانی گەشەپێدان گەورەو فراوان بێت، هێندە پێویستی بەتوانای ماددی و تەکنەلۆژیاو توانای مرۆیی فراوان هەیە، هەرچەندە دەوڵەت توانای خۆی بەکاربهێنێ لە پرۆژەیەکی ئابووری یان کۆمەڵایەتیدا، ئەوا گەشەپێدان روونادات ئەگەر خەڵکی هەست بەپێویست بوونی یارمەتی نەکات لەم پرۆژەیەدا و بەشدارییەکی ئیجابی نەکات لە پارێزگاری کردن لێی، بەجۆرێک کە هەرکەس وەک موڵکی خۆی سەیری بکات.

بوونی ئەم پرەنسیپە گشتییانە لە وڵاتدا رێگە خۆشکەرن بۆ روودانی گەشەپێدانی ئابووری، رۆژنامەکانیش لەم نێوەندەدا رۆڵ دەبینین لە پێشخستن و ناساندنی هەموو ئەو بوارە جیاجیایانەی لەکەرتێکی ئابووریدا پێویستە، بۆ نموونە بڵاوکردنەوەی ئاگاداری پێویستی بوونی هێزی کار لە پرۆژەیەکدا، ئەوا رۆژنامە دەبێتە هۆی دابینکردنی هێزی کار بۆ پرۆژەکە.

بۆ دووپاتکردنەوەی (رۆڵی رۆژنامە لەگەشەپێدانی کەرتە ئابوورییەکاندا) توێژەرەوە دوو کەرتی جیاکردۆتەوە. یەکەم: رۆژنامە لە کەرتی کشتوکاڵدا. دووەم: رۆژنامە لەکەرتی پیشەسازیدا لەم رووەوە نووسیویەتی:

**یەکەم: رۆژنامە لەکەرتی کشتوکاڵیدا**

زۆربەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو وڵاتانی کشتوکاڵین، واتە زۆربەی کاریان لەسەر پرۆژەی کشتوکاڵی و لەناو لادێکاندایە، لەوێوە گرنگی بەبەرهەمهێنانی بەرهەمی کشتوکاڵی دەدەن، نەخوێنەواری و دواکەوتوویی لەزۆربەی بوارەکاندا تایبەتمەندێتی لادێکانە، بۆیە پێویستی بوونی گەشەپێدان لەلادێکان تەنها بواری بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی ناگرێتەوە، بەڵکو دەبێت وەرچەرخان بێت لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و، دادپەروەری لە دابەشکردن و زیادکردنی هەلی کارکردن و باشترکردنی تەندروستی و برەودان بەرۆشنبیری دانیشتوانی.

ئەگەرچی رۆڵی ئامرازەکانی راگەیاندن بەگشتی لە تەلەفزیۆن و رادیۆدا باشترە لە رۆڵی رۆژنامە، بەو پێیەی ئەم دوو ئامرازە لە رێگەی دەنگ و رەنگەوە ئاسانتر دەگەنە

*لای دانیشتوانی گوندەکان و هەروەها نەخوێندەواری گوندنشینەکان کار لە کەمکردنەوەی ڕۆڵی ڕۆژنامە دەکات چونکە یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی لادێنشینەکان نەخوێندەوارییە. بۆیە ڕۆژنامەکان هەندێ جار ناتوانن لەڕێگەی بابەت و ڕاپۆرتەکانەوە ئامانجی خۆیان بپێکن، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێنماییەکردنی ڕۆژنامەکان لەڕێگای ڕەمزو وێنەوە کاری خۆی دەکات، وێنەی فۆتۆگرافی کاریگەری زۆری هەیەو جیایە لەگەڵ وشەکە دەربڕینی تایبەتی خۆی هەیە چونکە فۆتۆگراف پێویستی بەخوێندنەوە یان وەرگێڕان نییەو هەموو کەس لێی تێدەگات بۆیە ئەو ڕۆژنامەیەی وێنەی فۆتۆگرافی تێدایە زیاتر چەشەو لەزەت بەخوێندن دەدات[٤].*

***دووەم: ڕۆژنامە لەکەرتی پیشەسازی***

*ڕۆڵی ڕۆژنامە لە پەرەپێدانی کەرتی پیشەسازیدا کەمتر نییە لە ڕۆڵی لەکەرتی کشتوکاڵیدا، ڕۆژنامەکان لەڕێی بانگەشەی هێزی کارەوە هەروەها لەڕێی دەرخستنی بارودۆخ و پێویست بوونی ناوچەیەک یان وڵات بەپرۆژەیەکی پیشەسازی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن، بۆ نموونە فلانە ناوچە تا چەند پێویستی بەکارگەیەکی بەرهەمهێنانی قوتوبەندی هەیە، واتا ڕۆژنامەکانی لە بوونی کەرەستەی خاوو بوونی شوێنی گونجاو بازاڕ ئەو وردبینە بەسەرمایەدارو بەحکومەت دەدەن لە دامەزراندنی پرۆژەیەکی پیشەسازیداو، دەبنە هۆی کەمکردنەوەی کات بۆ ڕێکخەر لە بڕیاری کردنەوەو دامەزراندنی پرۆژەکەیدا.*

*هەندێک جار ڕۆژنامەکان وەک ناوەندێکی چاودێریکردن وان لەسەر ئەو پرۆژە پیشەسازییانەی بەرهەمیان وەک پێویست نییە، یاخود پاشماوەکانیان دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگەو زیان گەیاندن بەدانیشتوان لەڕێگەی ئەو ڕاپۆرتانەی ڕۆژنامەکە بڵاویدەکاتەوە. جگە لەوەش ڕۆژنامەکان ڕێنمایی پێویست بۆ کارکردن لەهەر پرۆژەیەکی پیشەسازیدا دەخەنەڕوو. کە ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی سەلامەتی و تەندروستی کرێکارو فەرمانبەرانی پرۆژەکان، بەتایبەتی لە پیشەسازی پترۆکیمیاویدا، کە بەردەوام پێویستی بەڕێنمایی کردن هەیە.*

*لە پرۆسەی گەشەپێدانندا بانگەشە کردن و ئاگادارکردن دوو ڕەگەزی سەرەکی گرنگن،*

بانگەشەکردن یان پروپاگەندە هونەرو زانستێکی فراوانە کە پشت دەبەستێت بەزانستی دەروونی لەپەیڕەوی کردنیدا، ئامانجی کارکردنە سەر بیرکردنەوەو رەفتاری کۆمەڵە خەڵکێکە، ئاگاداریەکانیش شێوازێکی نوێی بانگکردن و زیادکردنی کڕیارە.

بێگومان ئاگاداری و پڕوپاگەندەکردن لە ئەمڕۆدا شەقڵێکی دیارە لە نیشانەکانی بازاڕو، بەڵکو رەگەزێکی زیادکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنانە، ئەگەر ئەم دوو فاکتەرە بەشێوەیەکی دروست بەکاربێن لە چالاکی ئابووریدا، لەرێگەی:

١- پروپاگەندەو ئاگادارییەکان یارمەتیدەن لەکەمکردنەوەی ناوەندی تێچوونی بەرهەم: بەکارهێنانی پروپاگەندەو ئاگادارییەکان بەشێوەیەکی سەرکەوتوو دەبێتە هۆی زیادبوونی فرۆشتن بەشێوەیەکی بەرچاو، ئەمەش دەبێتە هۆی هاندانی بەرهەمهێن بۆ زیادکردنی بەرهەمەکەی، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی یەکەی تێچوون لە یەکەی بەرهەمهێناندا.

٢- پروپاگەندەو ئاگاداری دەبێتە هۆی زیادبوونی خواست. ئاگانامەو بانگەشەکردن بۆ بەرهەمێک دەبێتە هۆی زیادبوونی خواست لەسەری و، هەروەها زیادبوونی فرۆشتن لێی، بەمەش یەکەی تێچوون کەمدەکاو دواتریش دەبێتە هۆی دابەزاندنی نرخکەی لەلایەن بەرهەم هێنەوە، بانگەشەو ئاگاداریکردن دیاردەیەکی تەندروستە لەئابووریداو دەبێتە هۆی سوود بۆ هەر سێ لایەنی بەرهەمهێن و نێوانکارو بەکارهێنەرا، ئەگەر زیادبوونی یەکەکانی فرۆشراو بۆ بەکاربەر ببێتە هۆی دابەزینی نرخەکەی، ئەوە لە هەمان کاتدا بۆ بەرهەمهێن دەبێتە هۆی زیادبوونی قازانجی گشتی، هەروەها بۆ نێوانکاریش لە رێگەی زیادبوونی دابەشکردنی ئەو کاڵایەلە بازاڕداو فراوانبوونی خواست لەسەری دەبێت(٥).

لێرە بەدواوە دەقی ئەو سێ بەشە بڵاودەکەینەوە کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد.

## ئابووری رۆژنامە

زاڵبوونی بنەما ئابوورییەکان بەسەر زۆربەی کارو چالاکییەکاندا، ئەو خاڵە ئەدات بەدەستەوە کە بەهێزی و باڵادەستی ئابووریە، راگەیاندن و رۆژنامەگەریش بەشێوەیەکی بەرچاو ئابوورییەکان زاڵ بووە بەسەریاندا، بۆ نموونە ناوەرۆکی کاری رۆژنامەوانی گەڕانە بەدوای تەرزە کۆمەڵایەتی و رامیاری و ئابوورییەکانی کۆمەڵگا، کە لە رێگەیەوە پەی بەسیستەم و ستراکتۆرە کۆمەڵایەتییەکان دەباو، ئابووریش بۆ ئەم مەبەستە ناوەندێکی پڕ بەهایە بۆ رۆژنامەنووسان بەجۆرێک کە وەک سەرچاوەیەکی بەدەستهێنانی داهات و، هەندێ جاریش پەراوی رۆژنامەکان وەک بازاڕێک وایە بۆ بەیەکگەیشتنی کڕیارو فرۆشیار، لەو ریکلام و ئاگادارییانەی کە رۆژنامەکان بۆ کۆمپانیاو ناوەندە بەرهەم هێنەرەکانی دەکەن.

زۆربەی ئەو بڕیارانەی دراوە لەلایەن ئەو کەسانەی کە دەرگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەکان بەڕێوە دەبەن، کەم تا زۆر کارتێکراوە بەسەرچاوە داراییەکان، کەواتە ئابووری وەک بنەمایەک زۆر پەیوەستە بەو تێگەیشتنەی کە چۆن راگەیاندن بەهێز دەبێت هەروەها پیشەسازییەکان چۆن کاردەکەن لە سایەی ئەو راگەیاندنانەدا.

ئەم باڵادەستەی ئابووری هەروەک چۆن کەرتە ئابوورییەکان بەڕێوەدەبات بەهەمان شێوە کەرتە جیاوازەکانی راگەیاندنیش (پەخشی تەلەفزیۆنی - رادیۆیی - چاپەمەنییەکان) دەکەونە ژێر کاریگەری ئابوورییانە و لێکدانەوەی ئابووریانە بۆ هەریەکە لەم کەرتانەی راگەیاندن پێشکەش دەکات.

هەمــوو ئەو لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونانەی ئابووری بۆ رۆژنامــەگــەری، بەئابووری رۆژنامــەگــەری ناودەبرێت، کــە ئەمــیش لێکۆڵینەوەی ئابووری لەگــەڵ لێکۆڵینەوەی رۆژنامەوانی پێکەوە دەبەستێتەوە. ئابووری رۆژنامەگەری پەیوەندی بەگۆڕینی هێزەکانی ئابووری لە هەڵبژاردنی بەڕێوەبەرەکان، رۆژنامەنووسەکان هەروەها بڕیاردەرەکانی راگەیاندن ئاراستە دەکاو دەیسەپێنێت، بەگشتی بناغەیەک بۆ گەشەکردن و تێگەیشتنی لەو رێگایانە دەخاتەڕوو کە تیایدا ئابووری رۆژنامەگەری کاردەکات و ئەم ناوەندانە بەڕێوە دەبات.

## باسی یەکەم

## پێناسەی ئابوورییانەی ڕۆژنامە

زانستی ئابووری ئەو لێکۆڵینەوانەیە کە چۆن خەڵک باشترین هەڵبژاردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کەمی کەرەستەکان و زۆری پێداویستییەکان، کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش لە دنیای ئەمڕۆدا بەپێی تایبەتمەندیی سیستەمی (ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری) لەگەڵ ئەوەی دامەزراوەی خاوەن پەیامی کۆمەڵایەتین، لەهەمان کاتیشدا دامەزراوەی سیاسی و دواتر ئابووری گەورەن و سەرمایەو داهاتی تایبەتیان هەیە.

بیرۆکەی کەمی کەرەستەکان و زۆری پێداویستییەکان لێکۆڵینەوەی ئابوورییە کە پەیوەست دەبێت بەلێکۆڵینەوە لەڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن، بەگوێرەی **ڕۆبێرت پیکارت** «ئابووری ڕاگەیاندن پەیوەندارە بەوەی کە چۆن کار پێکەرانی ڕاگەیاندن ڕووبەڕوو دەبنەوە لەگەڵ داواکاری کات بەسەربردن و زانیاری، هەروەها پێویستییەکانی خوێنەران و بڵاوکراوەکان و کۆمەڵگا لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی لەبەر دەستدان»، بەهەمان شێوە پێناسەی **ئەلبارانیش** بۆ ئابووری ڕۆژنامەگەری جەخت دەکاتەوە سەر ئەوەی چۆن پیشەسازییەکان ڕاگەیاندن و سەرچاوە دەگمەنەکان بەکاردەهێنن بۆ ڕازیکردنی پێداویستی و داواکارییە جۆراوجۆرەکان.(٦)

بۆ ئەوەی ڕۆژنامە سەرکەوتووبێت لە جێبەجێکردنی پیشەی ئابوورییانەو پەیامی کۆمەڵایەتیانەی خۆی پێویستە فاکتەرە هونەری و ڕامیاری و یاسای و دارایی و ئیدارییەکانی بکات دەستەبەری، بەجۆرێک هەموان بەشداربن لەکاری ڕۆژنامەوانی گشگیرو هەمەلایەندا، بەتایبەتی ڕێکخستنی ئیداریانەی ڕۆژنامەو پیشەی بەڕێوەبەریانە لە بەڕێوەبردنی سەرمایەی ڕۆژنامەو داهات و خەرجیەکانی، هەروەها ئەو فاکتەرانەی کار دەکەنە سەر بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکە.

بەهۆی سیستەمی نوێی جیهان و هاتنەکایەی بازاری ئازاد و دیموکراسییەوە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بوونەتە دامەزراوەیەکی بازرگانی گەورەو ئەو بیرۆکەیە ڕەتدەکەنەوە

کە دەوترا کەناڵەکان دەبێت لایەنێک پشتیوانی داراییان بکات، هەرچەندە ئەم بیرۆکەیە هێشتا بۆ وڵاتە دیکتاتۆری و داخراوەکان هەر راستە، هەروەها بۆ راگەیاندنەکانی حیزب و پارتە سیاسییەکانیش هەر هەمان شێوەیە، بەڵام لەبەرامبەر راگەیاندنی ئازادو سیستەمی دیموکراسیدا ئەم بیرۆکەیە رەتدەکرێتەوە، بۆیە بەڕای **ئەلیکساندەر** ئابووری رۆژنامەگەری دەگەڕێتەوە بۆ پرۆسەی کارکردن و چالاکییە داراییەکانی کۆمپانیاکان کە بەرهەمەکانیان بەدەست دەهێنن و دەیفرۆشن بەپیشەسازییە جۆراوجۆرەکانی راگەیاندن.[٧]

دەوترێت سەربەستی نییە بەبێ سەربەستی رۆژنامە، راستیشە ئەگەر بوترێت رۆژنامە سەربەست نابێت ئەگەر هاتوو ملکەچ نەبێت بۆ بازاڕی ئازاد[٨]، لەبەرئەوە ئابووری رۆژنامەگەری پەیوەندارە بەزنجیرە مەسەلەیەکەوە، لەوانە بازرگانی نێودەوڵەتی، ستراتیژی کارکردن، سیاسەتەکانی نرخ دانان، پێشبڕکێی ئاگاداری و رێکلامەکان، کە کاریگەریان هەیە لەسەر کۆمپانیاکان و دامەزراوەکان، ئەم بوارەش لە ئابووری، ئابووری لاوەکی گرنگی پێدەدات کە پەیوەندیدارە بەروونکردنەوەی بازاڕو بەرهەم و کۆمپانیا تاکەکەسییەکان.

## باسی دووەم

### ماناو پێوانەکردنی تێچوون و دەستهاتی رۆژنامە

بابەتی تێچوون و داهاتی رۆژنامە یەکێکە لەو میکانیزمانەی کە رۆژنامەکان بەوردییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، بەتایبەت ئەو رۆژنامانەی لە وڵاتێکی دیموکراسی دەردەچن و ئازادانە کاردەکەن، بەگرنگ وەرگرتنی تێچوون و داهاتی رۆژنامە لەلایەن دەزگا رۆژنامەوانییەکانەوە دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندن و بەهێزکردنی ناوەندێکی ئیداری لە بەڕێوەبردنی ئابوورییانەی رۆژنامەکە، بۆیە سەرکەوتنی دامەزراوەی بەڕێوەبردن لە ناوەندێکی رۆژنامەوانیدا دەبێتە مایەی سەرکەوتنی هەموو لایەنە مالی و داراییەکانی ئەو ناوەندە.

بەر لە قسەکردن لە تێچوون و داهاتی رۆژنامەکان پێویستە سەرچاوە مالیەکانی ئەو کەناڵە دیاری بکەین، کە بریتین لەمانە[٩].

١- ئەو بودجەیەی کە لە سەرەتادا بۆ بەڕێوەبردنی رۆژنامەکە دیاری دەکرێت.

٢- دابەشکردن و هاوبەشیکردن، واتا پارەی فرۆشتنی رۆژنامەو هاوبەشیکردنی خەڵک لە کڕینی رۆژنامە.

٣- ریکلام، داهاتی ئەو ئاگانامەو ریکلامە بازرگانیانەی بەپارە لەو رۆژنامەیەدا بڵاودەبێتەوە یان لە رێگەی ئەو کەناڵەوە بەرهەم دەهێنرێت.

٤-ئەو بودجەیەی کە دەتوانرێت بەقەرز لە بانکێک وەربگیرێت یان لەلایەن حکومەتەوە دەدرێت بەرۆژنامەکە و بێ دانانی هیچ مەرجێک لەسەر رەوتی سیاسی رۆژنامەکە.

٥- یارمەتی مافی وەرگرتن لە وڵاتە بیانیەکانەوە بەمەبەستی پڕوپاگەندە بۆ ئەو وڵاتە، یان لە حزبە سیاسییەکانەوە.

٦- بەرتیل وەرگرتن لە ناوەوەو لە دەرەوە، یان لە حکومەتەکانەوە، یان لەسەرمایەدارێکی گەورە یان بچووکەوە کە کار لە رەوتی رۆژنامەکە بکات.

دوای دیاری کردنی سەرچاوە مالیەکەی کە وەک داهات لەبەڕێوەبردنی رۆژنامەکەدا بەکاردەهێنرێت، پێویستە ئەم بوارانە دابین بکرێت کە خەرجیان گرنگە، واتە تێچوونی جێگیرن یان گۆڕاون و خەرجیان گەرەکە، چ وەک بینایەو ئامێرەکان چ وەک کەسەکان.

**دەتوانین خەرجی دەزگا رۆژنامەوانیەکان بەم جۆرە باسبکەین.**[١٠]

١- پاداشت و مووچەو بەڵێننامە مالیەکان کە لەگەڵ کارمەندو نووسەرو رۆژنامەوانی ناو کەناڵەکەو دەرەوەیدا دەکرێت و دەدرێت.

٢- کرێی کارە خزمەتگوزارییەکانی ناو دەزگاکە.

٣- کەرەستەی خاوو پێداویستیە تەکنیکیە جۆراوجۆرەکان و کەلوپەل و ئامێرە جیاجیاکان بەجگێرو گۆڕاوەکانەوە.

٤- کرێی ئیشتراکاتی هێڵەکانی ئینتەرنێت و ئاژانسەکانی هەواڵ و ناوەندە زانیارییە جۆراوجۆرەکان.

٥- بودجەی تایبەت بەکڕینی زانیاریە بایەخدارەکان.
٦- کرێی بینایەو ئەو جێگاو نووسینگانەی کە دەزگا ناچارە بەکرێیان بگرێت لەناوخۆو دەرەوەدا.

**بۆ زانینی پێوانەکردنی داهاتوو تێچوونی ڕۆژنامە: تێچوو و داهاتەکانی پۆلێن دەکەین.**

**یەکەم: تێچوونی ڕۆژنامە**

مەبەست لەتێچوونی دوو جۆرە: تێچوونی ژمێریاری یان تێچوونی نەخدی کە دەدرێت، واتا (بڕی ئەو تێچوونەی کە خەرج دەکرێت لە ڕۆژنامەدا لە ماوەیەکی دیاریکراو) کە ئەمیش جیاوازە لە تێچوونی ئابووری یان کۆمەڵایەتی(١١)، بۆ نموونە لەکاتی چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ کەسێکدا، بەتێچوونێکی ناراستەوخۆ دادەنرێت لەبەرئەوەی کۆشش و کات بەفیڕۆ دەدەی لەگەڵیدا، تەنانەت خوێندنەوەی ئەو چاوپێکەوتنە لە ڕۆژنامەکەدا بەتێچوون لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە دادەنرێت، لەبەرئەوەی لەلایەن خوێنەرەوە ئەو خوێندنەوەیە کاتی دەوێ و دەبێتە هۆی وەستان لەکاری تری کە پێویستە جێبەجێی بکات، زانراویشە کە تێچوونی گشتی بۆ هەموو یەکەیەکی بەرهەم یان خزمەتگوزاری، لەو خەرجیە پێکدێت کە ئەو یەکەیە خەرجی دەکات لە پێناو دەست کەوتنی بەرهەم یان پێشکەشکردنی خزمەتێکی دیاریکراو لە ماوەیەکی دیاریکراودا.

**دەتوانین تێچوون لە ڕۆژنامەدا دابەش کەین بۆ دوو جۆر**

تێچوونی نەگۆڕ کە تێچوونی زەوی و بینایەو ئامێرەکانی چاپ و دامەزراندنیان و کەلوپەلی دەزگا ڕۆژنامەوانیەکە دەگرێتەوە، هەروەها تێچوونی گۆڕاو، کە مووچەی مانگانەو پاداشت و کەرەستەی چاپ و خەرجیەکانی هاتووچۆ دەگرێتەوە.

**١- تێچوونی نەگۆڕ لەرۆژنامەدا ئەمانە دەگرێتەوە:**

**- باڵەخانەی رۆژنامە:**

هەر رۆژنامەو دەزگایەکی راگەیاندن پێویستی بەباڵەخانەو بینایەکی گونجاو هەیە کە رادەی پێویستییەکانی ئەو دەزگایە جێبەجێ بکات، دەزگای رۆژنامەوانییەکان بەلای کەمەوە پێویستیان بە ساختمانێکی چەند ژووری هەیە کە تیایدا بەپێی پسپۆڕییان لە بەڕێوەبردنی رۆژنامەکەدا، بوونی ژووری تایبەتی یارمەتیان دەدات لە باشتر بەڕێوەبردن و زۆرتر کارکردن، کە ئەوانیش ژوورەکانی سەرنووسەرو تایپێست و پەیامنێران و کارمەندانی تری رۆژنامەکەن.

**- ئامێرەکان:**

هەڵسوڕانی رۆژنامەو دەرکردنی پێویستی بوونێکی زۆری بەئامێرە نوێ و پێشکەوتووەکانی (کۆمپیوتەرو فۆتۆکۆپی و چاپ) هەیە، تەنها بۆ چاپکردن، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستی بوونی سەتەلایت و تەلەفزیۆن و جۆرەکانی کامێراو ریکۆردەرو تەلەفۆن هەیە، وەک بەشێکی گرنگ لە وەرگرتنی هەواڵ و ئامادەکردنی راپۆرتی جۆراوجۆر. لەم دەزگایانە جگە لە پێویستییەکانی رۆژنامەوانی ئەوا پێویستیان بەئامێرەکانی ساردی و گەرمی هەیە بۆ ئیسراحەت و بەردەوام بوونی کارکردنی رۆژانە.

**٢- تێچوونی گۆڕاو لە رۆژنامەدا: ئەمانە دەگرێتەوە:**

**- موچە:**

ئەو کارمەندانەی لە رۆژنامەدا کاردەکەن لە بەرامبەر پێدانی پارەیەکی مانگانە دەبێت، یاخود لەبەرامبەر بەخشش دەبێت، کە لە هەندێ دەزگای رۆژنامەوانیدا هێندە پارەیەکی کەمە دەچێتە خانەی خۆبەخشەوەو، لە هەندێ دەزگای تریشدا رێژەکەی باشترە لە موچەی کارمەندانی حکومی، هەر بۆیە دەبینین زۆربەی کارمەندانی حکومی لەوانەی شارەزاییان لە بواری رۆژنامەگەری هەیە هەردوو کارەکە دەکەن، یاخود دەسهەڵدەگرن

لەکاری حکومی و لە بەرامبەردا کاری رۆژنامەوانیدەکەن.

**- پاداشتی بابەتەکان**

پاداشتی بابەت کە لە بەرامبەر هەر نووسینێک لە رۆژنامەکەدا دەدرێت بەنووسەرەکەی، یەکێکە لە هونەرەکانی هێشتنەوەی رۆژنامەو دەرچوونی بەبەردەوامی وەک تێچوونێکی گۆڕاوەی بەردەوام لە رۆژنامەدا حیسابی بۆ دەکرێت.

**- کرێی چاپ**

ئەو رۆژنامانەی خاوەنی ئۆفیسی خۆیانن، ئەوا وەک تێچوونی نەگۆڕ هەژمار دەکرێت، بەڵام ئەو رۆژنامانەی خاوەنی چاپخانەی خۆیان نین و لە چاپخانەی ئەهلی یاخود حکومی رۆژنامەکە چاپ دەکەن پێویستە لە بەرامبەردا بڕێک پارە بدەن و، ئەم بڕە پارەیەش دەچێتە خانەی تێچوونی گۆڕاوەوە.

**- خەرجی رۆژانە:**

تێچوونی بەڕێوەبردنی رۆژنامە لە رێکخستنی ناو دەزگاو کاروبارە رۆژنامەوانییەکاندا خۆی دەبینێتەوە، هاتووچۆی کارمەندان و پەیامنێرانی دەزگاکە لەکاتی ئەنجامدانی کارێکی رۆژنامەوانی، هەروەها ئەو هاوکاری و یارمەتیانەی خەرج دەکرێت، لەگەڵ خەرجی چاککردنەوەی ئامێرەکان و، هەروەها کاروباری بەڕێوەبردنی رۆژانە، هەر بۆیە ئەمجۆرە زۆرترین تێچوونە گۆڕاوەکان لە خۆ دەگرێت.

**دووەم: دەستهاتی رۆژنامە**

روانینی ئابووریانە بۆ هەر پرۆژەیەکی ئابووری خۆی دەبینێتەوە لە هەژمارکردنی داهات لەسەرمایەی وەبەرهاتوو لەو پرۆژەیەدا، ئەگەر واماندانا رۆژنامە پرۆژەیەکی ئابوورییە، خەرجی تیایدا وەبەرهێنانی کەرەستەیە لە پێناو سوودی گشتی، ئەو بڕە داهاتە پوختە چەندە کە لەو چالاکییە بەدەستیهێناوە بەبەراوردی ئەو خەرجیانەی کە کراوە لە بینایە و مووچەو پاداشت و خەرجی رۆژانەدا.

**أ- دەستهات بەمانا بازرگانییەکەی: ئەویش دوو جۆر داهات دەگرێتەوە:**

١- دەستهاتی کردەیی (فعلی)

ئەمیش داهاتێکی نەختدییە کە دەزگای رۆژنامەوانی لە بەرامبەر فرۆشتنی رۆژنامەو ئەو رێکلام و ئاگادارییانە دەستیدەکەوێت کە رۆژانە بڵاویان دەکاتەوە، فرۆشتنی جێگیر نییەو هەندێجار بەپێی بەرزبوونەوەی ئاستی گشتی نرخ دەگۆڕێت، هەروەها رێکلامە بازرگانییەکان بەپێی جۆری رێکلامەکان بۆ کۆمپانیا بازرگانیەکان یان کۆمپانیا پیشەسازییەکان نرخەکەی دەگۆڕێت.

دەتوانین دەستهاتی کردەیی لە رۆژنامەدا لەچوار بەشی سەرەکی کۆبکەینەوە:

**یەکەم: فرۆشتنی رۆژنامە**

فرۆشتنی رۆژنامە یەکێکە لە داهاتە کردەییەکان کە دێتە دەست دەزگا رۆژنامەوانییەکە و بەپێوەرێکی گرنگی بەردەوام بوونی رۆژنامەکە دادەنرێ و، هەروەها بەرزبوونەوەی رێژەی فرۆشتنی رۆژنامە مانای بوونی خواست نیشان دەدات کە لەسەر ئەو رۆژنامەیە لەلایەن خوێنەرانەوە، بوونی خواستیش مەرجێکی ئابوورییانەی رۆژنامەوانییە.

**دووەم: رێکلام**

رێکلام لای سەرمایەدارەکان پەیامێکی گرنگی زیادکردنی رێژەیی فرۆشتنی و قازانجیانە، هێڵێکی ستراتیژی دادەڕێژن بۆ بەرجەستەکردن و جوانکردنی کاڵاو بەرهەمەکانیان، هەر بۆیەش ئەم تێڕوانینەی ئەوانەی دەبێتە بەشێکی گرنگی داهاتی رۆژنامەکان، رۆژنامەکانیش بەشێکی دانەبڕاوی ریکلامن و، ئەم ریکلامانەش پێوانەیەکی سەرەکی لە داهاتی رۆژنامەکە پێکدەهێنن.

**سێیەم: ئاگانامە**

مەبەست لە ئاگانامە، ئاگادارکردنەوەو سەرنج راکێشانی جەماوەرە بۆ هەر یەکە لەو کەسانەی لایەنی ئاگادارکەرەوە دەیخاتەڕوو، جا ناواخنی ئاگادارییەکە بڕیارێکی میری یان هەلێکی خوێندن بێت، یان خستنەڕووی هەر کەلوپەلێکی بازرگانی بێت، یان هەر

شتێکی تر.[١٢]

لەراستیدا تەنها ژمارەی فرۆشراو لە رۆژنامەدا هەموو شتێک نییە بەگوێرەی کەرەستەی رۆژنامەوە، فرۆشراو یەکەیەکی بچووکە لە داهات، بەڵام داهاتی ئاگانامە دەخەملێنرێ بەنزیکەی ٦٠ ٪ کۆی گشتی داهات لە رۆژنامەدا، لە راپۆرتی لیژنەی خاوەندارێتی رۆژنامەدا هاتووە کە لە بەریتانیا لەسەردەمی جەنگدا داهاتی ئاگادارییەکان بەگوێرەی داهاتی گشتی ٢٥ ٪ بووە، هەروەها بۆ رۆژنامەی لەندەن بەیانیان و ئێواران ٤٥ ٪ بووە، بۆیە دەتوانین بڵێین کە رێژەی داهاتی ئاگادارییەکان جیاوازە بەرێژەیەکی زۆر بەپێی جیاوازی دابەشکردن، هەروەها داهاتی ئاگادارییەکان زۆر ناگۆڕێت بەگۆڕانی بارودۆخ (تایبەتە بەدابەشکردن)، بۆیە ئەگەر رۆژنامەکە رووبەرووی بارودۆخێکی نائاسایی نەبێتەوە، ئەوا داهاتی ئاگادارییەکان وەک خۆی دەمێنێتەوە.[١٢]

لە رۆژئاوادا هەزاران ئاژانسی ئاگانامە هەیە، بەڵام تەنها چەند (دە) دانەیەکیان دامەزراوی گەورەی مۆنۆپۆلین کە مامەڵەی بازرگانیان بەملیۆنەها دۆلار دەخەملێنرێت و چالاکییەکان درێژ دەبێتەوە بۆ دەرەوەی سنووری وڵاتەکانیان و (٥-٨) لە سەدەی پانتایی رۆژنامەکانیان بۆ ئاکامەکان تەرخانکراوە و (٧٠-٩٠) لە سەدی داهاتیان لەو ئاگانامەوە دەست دەکەوێت.

**چوارەم: دابەشکردنی رۆژنامە**

دابەشکردنی رۆژنامە دەچێتە گرنگترین خاڵ لە بەدەست هێنانی داهات لە رۆژنامەدا، چونکە شێوازو چۆنیەتی دابەشکردنی رۆژنامە بەشێوەیەکی فراوان دەبێتە مایەی بەدەست هێنانی هەر سێ خاڵی رابردوو، هەروەها چەند فاکتەرێکی سەرەکی هەن کە کار لەدابەشکردنی رۆژنامە دەکەن و، هەندێکیان ئابوورین و هەندێکی تریان سیاسی یان کۆمەڵایەتین و پەیوەندییان هەیە بەکێبڕکێی رۆژنامەوانییەوە لە بازاڕی رۆژنامەگەریدا.

دابەشکردنی رۆژنامە لە بەدەستهێنانی داهاتدا بەداهاتی دابەشکردن ناودەبرێت و بەرێژەیەکی زۆر پشت دەبەستێت بەجۆری رۆژنامە لەرووی هونەری و ئاراستەی سیاسی و حاڵەتی خوێندنەوە لەرووی رۆشنبیرییەوە هەروەها کۆمەڵە هۆکارێکیتری[١٤].

دیاردەیەکی بەرچاو کە جێگای سەرنجە، ئەو ڕێژە بەرچاوەی ڕۆژنامەیە کە لە هەندێ ولاتی جیهانی سێیەمدا، بەڵام دابەشکردنیان تەنها لە چوارچێوەی شارەکاندا دەبێت، بەپێچەوانەی ئەمریکای لاتینی کە ڕۆژنامە لە شارە گەورەو بچووکەکاندا وەک یەک دابەشدەکرێت و، تێکڕایی دابەشکردن (المتوسط التوزیع)ی ڕۆژنامە بریتیە لە (٧٠) ڕۆژنامە بۆ هەر هەزار کەسێک لە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە. ژمارەی ڕۆژنامەکان گەیشتۆتە (٨٢٣٠) دانە، کە بەپێی دوایین ئامار ڕۆژانە (٥٠٢) ملیۆن ژمارەی لێدەدەرچێت، واتە بەڕێژەی (١٤٠)دانە بۆ هەر هەزار کەسێک. بەم شێوەیە دابەش دەبێت.

| | |
|---|---|
| - ئەفەریقا جگە لە ولاتە عەرەبییەکان | ١٥ دانە بۆ هەزار کەس |
| - ئاسیا بەبێ ولاتە عەرەبییەکان | ٤٥ دانە بۆ هەزار کەس |
| - ولاتە عەرەبییەکان | ٣٥ دانە بۆ هەزار کەس |
| - ئەمریکای باکوور | ٢٦٣ دانە بۆ هەزار کەس |
| - ئەمریکای لاتینی | ٨٠ دانە بۆ هەزار کەس |
| ئەوروپا بەبێ یەکێتی سۆڤیەت | ٣٦٢ دانە بۆ هەزار کەس |

هەروەها ڕێژەی دابەشکردن بۆ هەزار کەس لەتێکڕای جیهاندا (المتوسط العالمی)،(١٣٠) دانەیەو، ولاتە پێشکەوتووەکان لەچاو ولاتانی تری جیهاندا بۆ ئەوەندە کاغەز بەکاردەهێنن، ئامارەکانی یونسکۆی ساڵی ١٩٨٩ ئەوەی نیشانداوە کە ژمارەی ڕۆژنامە عەرەبییەکان نەگۆڕاوە، بەڵام گۆڕانێکی بەرچاوی ڕێژەی دابەشکردنی هەیە، هەروەها ئەم نەگۆڕانە لە ژمارەی ڕۆژنامەکان وایکردووە بەرهەمهێنانی کاغەزی ڕۆژنامە جێگیرییەک بەخۆیەوە ببینێت.(١٥)

**٢- دەستهاتی چاوەڕوان کراو:**

ئەگەر وامان دانا ڕۆژنامە پرۆژەیەکی بازرگانییەو مەبەستی بەدەست هێنانی قازانجەو

هەمـوو راپۆرت و نووسین و هەواڵەکـانی وەک هەر کـاڵایەکی تر لە بەزاڕدا دەفـرۆشێ، بۆ نموونە رۆژنامـەگـەری ئەلیکتـرۆنی کـە لە هەندێ سـایتـدا بەپارەیەو، تەنهـا ئەو کـەسـانە دەتوانن بەکاربیهێنن کە کارتی سەرفکردنی بانکیان هەیە، واتا لە بەرامبەر خوێندنەوەو کردنەوەی سایتی رۆژنامەکەدا برێک پارە لە بانک لە حیسابی خوێنەرەکە کەمدەبێتەوە دەچێتە سەر حیسابی رۆژنامەکە گەر بەمجۆرەش سەیری رۆژنامەی تر بکەین ئەوا دەبێتە دەستهاتێکی چاوەڕان کراو.

**ب– دەستهات بەمانا کۆمەڵایەتییەکان: دوو جۆرە لە دەستهات:**

١– دەستهاتی راستەوخۆ: کۆی ئەو دەستهاتانەیە کە تاک دەستی دەکەوێ لە ئەنجامی خوێندنەوەی هەواڵ و راپۆرت و نـووسـینە رۆژنامـەوانیـیـەکـان. دەتوانین ئەم دەسـتـهـاتە هەژمار بکەین لە بەراوردکردنی ئەو تاکانەی کە رۆژنامـە دەخوێننەوە لەگەڵ ئەو تاکانەی کە رۆژنامە ناخوێننەوە، بۆ نموونە ئەو خێزانەی کە بەردەوام رۆژنامەیەکی رۆژانە دەچێتە ماڵەکـەیان لەڕووی پەروەردەییـەوە منداڵەکانیـان سودمەندتر دەبن لەو خێزانەی کـە هیچ رۆژنامـەیەک ناچێتە ماڵیـان و نایخوێننەوە، هەروەها دەتوانین ئەمە بژاندن بکەین بەسەر سەرجەم بوارەکانی تردا.

٢– دەستهـاتی ناڕاستەوخۆ: کۆمەڵێک پاشماوەی پۆزەتیڤن کە دروست دەبێت لەسەر ئەو کەسانەی کە رۆژنامە دەخوێننەوەو بەدواداچوونی لەسەر دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بـوونی هەلی داهێنان و پێـشـکەوتن و وشـیـاری و دروسـتکردنی توانای نوێ و زیادکردنی رۆشنبـیـری و زانیـاری جۆراوجۆر. هەمـوو ئەمـانە سودی ئابووریان هەیەو کـە ناتوانرێت بپێـورێت یان دیاریبکرێت لەڕووی چەندێتی و نـەخدیەوە، بۆ نموونە گـەیشـتنی رۆژنامـە بەمـاڵەکـان دەبێـتـە هۆی زیاتر بەئاگـایی و وشـیـاری و بەرزکـردنەوەی ئاسـتی رۆشنبیـری، ئەمە لە داهاتوودا بەشداری دەکات لە زیادکردنی بەرهەمی ئەو خوێنەرانەو، هەروەها وشیاری تەندروستی تیایدا دەبێتە هۆی پارێزگاری کردن لە سەرمایەی مرۆیی و، دەبێتە دەستهاتێک بۆ کۆمەڵگا.

## باسی سێیەم

## خاوەندارێتی رۆژنامە لە نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتیدا

هەڵسان بەرێکخستن و دامەزراندنی رۆژنامەو تەمویلکردنی، لەسەر بنەمای خاوەندارێتی تاکی یاخود خاوەندارێتی چەند کەسێک یان کۆمپانیایەکی پشککەرە، بۆیە خاوەندارێتی رۆژنامەکان لەرووی سیستەمی سیاسی و سەرچاوەی پەرەپێدان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، دابەشدەبێت بۆ خاوەندارێتی کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی.

تێبینی ئەوە دەکەین کاتێک رۆژنامەیەک چالاکییەکانی فراوان و زیاد دەبێت، ئەوا بەبەردەوامی پێویستی بەسەرمایەیەکی گەورە هەیە، سەرمایەدارەکانیش پێیان باشە سەرمایەکانیان لە بوارێکی تردا وەبەربهێنن نەک لە بواری رۆژنامەگەریدا، لەبەر ئەوەی دڵنیانین لەدەستکەوتنی قازانج لەکاری رۆژنامەیی داو، وای ئەبینین کە جۆرێکە لەسەر کەشی و، هەندێکیشیان بۆچوونیان وایە تووشی زەرەر دەبن نەوەک قازانج[١٦]، لەبەر ئەوە زۆربەی سەرمایەدارە گەورەکان گرنگی پەیامی کۆمەڵایەتی رۆژنامە بەهەند وەرناگرن و، ئەوەی گرنگە لای ئەوان تەنها پەرەپێدانی سەرمایەکانیانەو بەدەستهێنانی زۆرترین داهاتە لە کۆتایی ساڵدا.

لەبەر ئەو هۆیانە زۆربەی رۆژنامەکان دامەزراوەن لەسەر بنەمای کۆمپانیای هاریکاری یان کۆمپانیای پشککارن و سروشتی ئەم پشککاریە ئەم دامەزراوە رۆژنامەوانیانەدا جیاوازە لە دامەزراوە پیشەسازی و بازرگانییەکان و، دوو بارە ناکرێن و نافرۆشرێنەوە لەسەر بنەمای نرخە سەرەکیەکانی ئاڵوگۆڕی پشکەکان (تداول الاسهم)[١٧]. لێرەوە بەرپرسیارێتی پشکدار دیاریکراوەو بەپێی بڕی پشکەکەیە، پەیوەندی نییە بەقەرزداری کۆمپانیاکەوە، بەڵکو بەهای پشکەکە تەنها دووچاری بەفیڕۆچوون دەبێت، ئەگەر کۆمپانیاکە تووشی داڕمانی ئابووری یان ئیفلاس بوون بێت.

کۆمەڵێک زانای ئەمریکی (کنگستون و کارگیل و رالف لیڤی) دابەشکردنی سیستەمی کەناڵەکان بەشێوازی مڵکداریێتی ئەو کەناڵەوە دەبەستنەوە دابەشی دەکەن بۆ:[١٨]

١- موڵکداریێتی تایبەتی تەواو بۆ کەناڵەکە: ئەم جۆرەش سیستەمی ئەمەریکی دەگرێتەوە.

٢- موڵکداریێتی حکومەت بۆ کەناڵەکەو بەڕێوەبردنیان: ئەمجۆرەش زۆرتر لە وڵاتە یکتاتۆری و کۆمۆنیسی و ئیشتراکیەکاندا پیادە دەکرێت.

٣- موڵکداریێتی دەوڵەت و کارپێکردنیان لەلایەن دەزگا گشتییەکانەوە: وەک ئەو سیستەمانەی لە سویدو سویسراو هۆڵەنداو پیادە دەکرێت و، دەوڵەت خاوەنی هەموو کەناڵەکانە، بەڵام دەستەو دەزگای سەربەخۆ پرۆگرامەکان ئامادە دەکەن و دەوڵەت چاودێریان ناکات.

٤- موڵکداریێتی و بەڕێوەبردنی دەزگا گشتییەکان: وەک کەناڵی راگەیاندن (BBC) بەرپرسیارن لەبەردەم پەرلەماندا، بەڵام پابەندنین بۆ یاساکانی دەوڵەت و رێبە دەوڵەت نادرێت سانسۆر بخاتە سەر پرۆگرامەکانیان.

لەرووی سیستەمی کارکردنی دەزگای رۆژنامەوانی دەتوانین لە پۆلینکردنیان بۆ کەرتی گشتی و تایبەتی بەم جۆرە ئەم سیستەمانە باسبکەین[١٩]

**یەکەم: کەرتی گشتی**

لە بەڕێوەبردنی رۆژنامەدا، ئەم سیستەمانە دەکەوێتە بواری کەرتی گشتییەوە:

١- سیستەمی نەتەوەیی National system

کەناڵەکە لەم سیستەمەدا سەر بەدەوڵەتە، لەبەر ئەوە دەوڵەت تەمویلیان دەکات، بۆیە رێ بەبڵاوکردنەوەی ریکلام و کارە بازرگانیەکانی تر نادرێت، یان هەر لە بنەڕەتەوە گوێی پێنادرێت.

٢- سیستەمی حکومی Governmental system

لەم سیستەمەدا حکومەت خۆی بۆ خۆی کەناڵەکە بەڕێوەدەبات و کاروبارەکانیان ڕێکدەخات، لەسەر ئەو بنەمایانەی لەگەڵ حکومەتەکەیدا دەگونجێت. دەوڵەت لە هەموو ڕوویێکەوە تەمویلی ئەم کەناڵانە دەکات، لە هەمان کاتیشدا ڕێ بەبڵاوکردنەوەی ریکلام و ئاگانامە بازرگانیەکانیش دەدات، بەمەرجێک داهاتەکانیان بۆ دەوڵەت بگەڕێتەوە، وەک لە (کوباو سوریا) پیادە دەکرێت.

٣- سیستەمی دامودەزگای راگەیاندن Instiutional Broadeasting System

ئەم جۆرە کاری جۆرەکانی تر تەواو دەکات، لەلایەن دەوڵەتەوە تەمویل دەکرێت، ریکلامی تێدا بڵاوناکرێتەوە و تایبەت دەبێت بەتوێژێکی کۆمەڵەوە، وەک کەناڵێکی تایبەت بەمنداڵان یان ژنان یان پەروەردەو فێرکردن.

**دووەم: کەرتی تایبەتی:**

ئەم سیستەمانە دەگرێتەوە:

١- سیستەمی بازرگانی Commercial System

لەم سیستەمەدا کەناڵەکان هیچ پەیوەندییەکیان بەدەوڵەتەوە نییە لەڕووی تەمویلەوە، بەڵام پابەندن بەیاساو بڕیارەکانی ئەم دەوڵەتە، بۆیە هەر کەس و گروپ و کۆمپانیایەک پابەندبێت بەو یاسایانەوە دەتوانێت کەناڵێکی تایبەت دابنێت. زۆرتر ئەم جۆرەیان لەڕێی کەرتی تایبەتەوە بەڕێوەدەبرێت و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە پێشەوەی ئەو وڵاتانەیە کە بەم سیستەمە کاردەکەن.

٢- سیستەمی حیزبی Party System

ئەم جۆرە خاوەندارێتییە لە ڕۆژنامەوانیدا مافی زیاتر ناگرێتە خۆی، وەک لەوەی کە لە خاوەندارێتی حکومی و کەرتی گشتیدا هەیە ئەمجۆرە لەژێر بەرژەوەندی حیزبدا دەبێت و بەئاراستەی ئەکتیڤکردنی حیزبی دەبێت و سەرچاوە داراییەکەشی هەر لە حیزبەوە دەبێت. ڕێگە بەبڵاوکردنەوەی ریکلام و کارە بازرگانییەکان دەدات، داهاتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ

حیزب و دووبارە لە تەمویلکردنی رۆژنامەدا بەکاریدەهێنێتەوە.

جگە لەو سیستمانەی لە پۆلینکردندا دەکەونە نێو کەرتی گشتی یان تایبەتی، ئەوا سیستەمێکی تر هەیە کە لە نێوەندی هەردوو بواردایە ئەویش:

– سیستەمی بازرگانی نەتەوەیی National Commercial System

ئەم سیستتەمە لە تێکەڵکردنی هەردوو سیستەمی نەتەوەیی و بازرگانی پێکهاتووە بەهۆی ئەوەی کە دەوڵەت زاڵە بەسەر دەزگاکەدا بۆیە لەلایەن دەوڵەتەوە تەمویل دەکرێن و لە هەمان کاتیشدا رێ بەبڵاوکردنەوەی ریکلام و دەسکەوتی دارایی لەسەرچاوە رەواکانەوە دەدرێت بۆ کەناڵەکە، وەک لە (هیندو پاکستان و سیلان و تورکیا)دا هەیە.

## باسی چوارەم

## دیاریکردنی خواست لە بازاڕی رۆژنامەدا

لەڕووی رۆژنامەگەرییەوە ئەگەر پێشکەوتنی رۆژنامە لە ناوەڕۆک و بابەتە رۆژنامەوانییەکانیدا بێت، ئەوا رێچکەی پێشکەوتنی رۆژنامە لەڕووی ئابوورییەوە پەیوەستە بەبوونی خواست لەسەری و هەروەها ئەو داهاتەی لێی دەستدەکەوێت ئەگەر پێوەری فرۆشتنی هەر کالایەک لە بازاردا هەرزانی نرخ و باشی جۆرەکەی و بڕەکەی بێت، ئەوە گەر وەک کالایەک سەیری رۆژنامە بکەین هەمان ئەو پێوەرەی بەسەر دادەسەپێت کە هەرزانی نرخ و باشی جۆرەکەی و تیراژەکەیەتی، بەڵام ئەوەی کە جیایدەکاتەوە لەهەر کالایەکی تر ئەوەیە کە رۆژنامە کالایەکە کۆتایی نایەت وەک هەر کالایەکی تر، کە بەرهەمی کۆتایی بێ و بەکاربهێنرێ. هەروەها باشی جۆر لە رۆژنامەدا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەو هەواڵەی دەبێتە هۆی ئاشکراکردنی نهێنی و پێدانی زانیارییەک لەسەر هەر کایەیەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی، هەروەها ئەو راپۆرتەی خوێنەر دەوروژێنێت. ئەمە جیا لەوەی نەخشەسازی و سەرنج راکێشی پەڕەکان رۆڵی خۆی هەیە،

بۆیە ڕۆژنامەکان لەژێر کاریگەری پێکهاتە جیاوازەکانی بازاڕدا دەکەونە ژێر کاریگەری و ڕکابەری بازاڕ ڕێدەگرێت لە قۆرخکردنی هێزی بازار گەر بیەوێت بەرهەم سنووردار بکات و نرخ بەرز بکاتەوە، لە ئابووری بازاڕی ئازاددا زۆربەی بڕیارەکان دەربارەی بەکارخستنی سەرچاوەکان لەڕێی سیستەمی نرخەوە دەدرێن، بەڵام پەیوەندی نرخ و سەرچاوەی بەکارخستن تاڕادەیەک نائاساییە، بەتایبەتی لە بڵاوکردنەوەدا کە هەموو کاتێک لەسەر پێوەری نرخ نییە، بەڵکو هەندێجار پێوەری خوێنەر ئەم بڕیارە دەدات.

ڕۆژنامەکان کەلوپەلەکانیان لە دوو شێوەی جیاوازدا لە بازاڕ دەفرۆشن، پیشەسازییەکانی ڕۆژنامە لەوەدا نائاساین کە جووت بەرهەمن، ئەو دوو کاڵایەی کە ڕۆژنامەکان بەرهەمیدەهێنن یەکەمیان ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکەیەو دووەمیان جەماوەرە[٢٠] ناوەڕۆک یان هەواڵ کە خوێنەر لە ڕۆژنامەکەیەوە وەریدەگرێت یەکێکە لەو بەرهەمانەی کە ڕۆژنامەکان دەیفرۆشن. جەماوەریش کە تەوژمێکی سەرەکین بۆ زۆربەی ڕۆژنامەکان، هەر ئەمان پارەی بانگەشەکردن و ئاگانامەو ریکلامە بازرگانییەکان دەدەن و لایەنی دووەمن.

پەیام و واتاکان لە ڕۆژنامەدا شتی بەرجەستە نین، بۆیە ناوەڕۆکی ڕۆژنامە شتێک نییە بتوانرێت وەک خواردن بەکارببرێت. بەشێوەیەک لە شێوەکان جەماوەر شتی بەهادار لە واتای شتەکانەوە وەردەگرێت کە خۆی لە خۆیدا شتی ماددی نین، چونکە بەهای ناوەڕۆکی ڕۆژنامە ئەو تایبەتمەندییانەیان هەیە کە ماددی نین، واتە ناتوانرێت وەک و خۆراک بخورێت و بەکرداری هەرس کۆتایی پێ بهێنرێت، بۆ نموونە ئەگەر کەسێک ڕۆژنامەیەک بخوێنێتەوە نابێتە هۆی لە دەست دانی دەرفەت بۆ کەسێکی تر کە هەمان بابەت بخوێنێتەوە، چونکە ڕۆژنامە بەکارناهێنرێت و تەواو نابێت و، هەمان بابەت دەتوانرێت سودی لێوەربگیرێت بۆ خەڵکیتر، ئەمە تەنها ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە پەیوەست نین بەکاتەوە، بەڵام هەواڵێک کە پەیوەستە بەکاتەوە و زانیاری ڕووداوێک دەگوازرێتەوە ئەوا لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەداو بۆ ڕۆژی دواتر ئەو هەواڵە بایەخی نامێنێ و دەچێتە چوارچێوەی بەکاربردنەوە، کەواتە ڕۆژنامەکان ئەو تایبەتمەندییە نیشاندەدەن کە کەرەستەیەک یان کاڵایەکی گشتین[٢١].

خواست و خستنەڕوو لە بازاڕی ڕۆژنامەدا دیسان پەیوەستە بەدوولایەنەوە، کە ئەوانیش ناوەڕۆک و جەماوەرن، بۆیە قەبارەی بازاری ڕۆژنامە پێناسە دەکرێت بەقەبارەی گشتی دانیشوان ئەوانەی لەسەرو ١٤ ساڵەوەن[٢٢]، لێرەدا بۆ فراوانبوونی بازاڕی ڕۆژنامە پلەی خوێنەواری و ژمارەی خوێنەری ڕۆژنامە ڕۆڵ دەبینن لە فراوان کردن و تەسککردنەوەی بازاڕی ڕۆژنامەدا، بۆیە بۆ فراوانکردنی بازاڕی ڕۆژنامە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ زیادکردنی ژمارەی خوێنەرانی ڕۆژنامەو هەروەها ئەو بابەت و ڕاپۆرتانەی کە لەسەر کاروباری ناوخۆیین، ڕوویەکی فراوان بەبازاڕی ڕۆژنامە دەدەن، چونکە خەڵک تامەزرۆی ئەو بابەتە ناوخۆییانەن کە پەیوەستن بەژیانی ڕۆژانەیان، بەتایبەت ئەگەر ئەم ڕاپۆرتە بابەتێکی مژدە بەخشبێت سەبارەت بەباشتر کردنی گوزەرانی ژیانی، دەتوانین بڵێین ئەوەی کە دەبێتە هۆی دیاریکردنی خواست لەسەر ڕۆژنامە بریتییە لە:

١- ژمارەی چاپکردنی ڕۆژنامەکە لە هەفتەکەیەدا بۆ هەر مانگێک.

- نرخ

دیاریکردنی خواست لە بازاری ڕۆژنامەدا پەیوەستە بەئاستی ئابووری خەڵکی و بوونی ئارەزووەوە، چونکە خوێندنەوە بریتییە لە جۆرێک لە ئارەزوو، لەگەڵ لەدەست دانی ئەم ئارەزووە بێگومان کار لە بازاڕی ڕۆژنامە دەکات، بەشێوەیەکی گشتی لەو هۆکارانەی دەبنە هۆی دیاریکردنی خواست لەسەر ڕۆژنامە بریتین لەمانە[٢٣]:

١- ژمارەی فرۆشتنی ڕۆژنامەکان لەهەر ڕۆژێکدا.

٢- ژمارەی چاپکردنی ڕۆژنامە (تیراژ).

٣- بەشداریکردن (اشتراک).

٤- نرخ.

٥- نرخی گۆڤارەکان.

٦- نرخی ڕۆژنامەکانی تر.

٧- پاشکۆکان.

# ئابووری رۆژنامەیی لە هەرێمی کوردستان

گەشەسەندن و فراوانبوونی ئامرازەکانی راگەیاندن لە هەرێمی کوردستان لە دوای راپەرینی ساڵی ١٩٩١ و دروست لە دامەزراندنی هەر کابینەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گەشەسەندن و فراوانبوونی بەخۆبەوە بینیوە، بەتایبەت لە دوای سەدەی تازەی ٢٠-٢١ەوە کە گۆڕانکارییە جیهانی و ناوچەییەکان کاریگەرییان لەسەر کوردستان هەبووەو بەجۆرێک ئێستا لە زۆربەی ماڵەکانی کوردستاندا ئامێری سەتەلایت و ئینتەرنێت هەیە، کە ئەمانە بەرهەمی تەکنەلۆژیاو بەجیهانیبوون و بەشێکن لە رۆژنامەگەری بینراو و ئەلیکترۆنی.

زۆربەی رۆژنامەو گۆڤارو بلاوکراوەکانیش ئاماژەی ئەو فراوان بوون و کرانەوەیەیە کە لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا هاتۆتە ئاراوە، ئەمەش بەرەچاوکردنی باشبوونی ئاستی داهاتی تاکەکەس و داهاتی گشتی نەتەوەیی لەکوردستاندا، بەجۆرێک کرینی رۆژنامەی رۆژانەو هەفتەنامەو گۆڤارەکان لەکاتی دەرچوونیاندا ئەو ئاماژەیە دەدەن بەدەستەوە کە هەرچەندە نرخیان لەبەرزبوونەوە دابێت، ئەوا خوێنەرانی بەهەر نرخێک بێت دەیکرن، واتا ئەوە پێوەرەی نرخ نییە کە خوێنەر دەیکرێت، بەڵکو ئەوە بابەتە رۆژنامەوانی و لێکۆڵینەوەو نووسینەکانە وا لەخوێنەر دەکات دەیکرێت.

هەرێمی کوردستان، بەهۆی ئەو سزا ئابووریە دوو لایەنەی بەسەریدا سەپێنرابوو تونای هێنانەوەی زۆر لەو ئامێرو کەرەستانەی نەبووە کە لە پێشکەوتنی رۆژنامەوانیدا پێویستن، هەربۆیە رۆژنامەوانی لە کوردستاندا رووبەرووی ئاستەنگی زۆربۆتەوە کە گرنگترینیان ئەوەیە کە هێنان و بلاوبوونەوەی سنورداربووە، ئەمەش هەرێمی کوردستانی بێبەشکردووە یا دوای خستووە لە تەکنەلۆژیای نوێ، کە پێشکەوتنی رۆژنامە بەندە بەبوونی تەکنەلۆژیاوە.

زۆربەی رۆژنامەکان لە کوردستاندا بچووکن و سەر بەخۆنین و بەشێوەیەکی فراوان

بڵاوناکرێنەوەو ناگەنە دەست خوێنەران، هەروەها کەمی کەرەستەی مالی و سەرەکی لە بوونی پێویستییەکانی رۆژنامەگەری کە یارمەتیدەرن لەگەشەکردن و بەردەوام بوونی رۆژنامەدا، ئەمانە هەموو ئەو بەندانە پێکناهێنن کە ئابووریانە مامەڵە لەگەڵ رۆژنامە بکرێت لە کوردستاندا.

هەرێمی کوردستان هەژارەو کەموکورتی هەیە لە بناغەی پیشەسازیدا کە رۆژنامەکان تێر بکات بەپروپاگەندە، هەروەها رێژەی نەخوێندەواری لە کوردستاندا هۆکارێکە بۆ کەمبوونەوەی کریارانی رۆژنامە لەگەڵ ئەوەشدا خوێندەواریش هەموویان ئارەزووی ئەوەیان نییە کە رۆژنامە بەشێوەیەکی بەردەوام بکرن.

کەمی سەرچاوەی دارایی کە تائێستا رۆژنامەکان لە کوردستاندا توانای ئەوەیان نییە کە پەیامنێرەکانی خۆیان بنێرنە ولاتانی جیهان لەگەڵ ئەوەشدا تێچوونی بەشداریکردن لە ئاژانسەکانی هەواڵدان بارگرانییەکی زۆرە بەسەر بودجەی رۆژنامەکانەوە، بۆیە دەبینین زۆرجار رۆژنامەکان لە کوردستاندا هەمان ئەو هەواڵانە بڵاودەکەنەوە کە شەوی پێشووتر لە سەتەلایتەوە پەخشکراون، لەگەڵ ئەوەشدا ئامێرەکانی چاپکردن کۆنن و وەک پێویست هەموو کارەکانییان پێناکرێت.

لە کۆمەڵگا پیشەسازی و پێشکەوتووەکاندا کە سەرمایە رۆڵی سەرەکی لە رۆژنامەکاندا دەگێرێ، کۆمپانیاکان دەتوانن رۆڵی خۆیان ببینن، بەڵام ئەو کۆمەڵگایانەی کە هێشتا لە گەشەسەندندان، وەک کوردستان کە دەسەڵاتی حکومەت و حیزب باڵادەستە، ئەوا حیزب و دەسەڵات رۆژنامەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان پاوان دەکەن، نەک کۆمپانیاو دەزگاو دامەزراوە ناحکومیەکان، بۆیە لێرەدا رۆژنامەکان ناتوانن بەشێوەیەکی ئەکتیڤ خزمەت بەخەڵکی کوردستان بکەن، لەم کاتانەدا رۆژنامەکان لەخزمەتکردنی گشتی کۆمەڵایەتییانەوە وەردەچەرخێن بۆ خزمەتکردنی حزبیانە، بۆیە رۆژنامەکان لەکوردستاندا رەنگدانەوەی بیروهزرو ئایدۆلۆژیای ئەو حیزبانەن کە تەمویلییان دەکەن.

بەگشتی چوار گرفت هەیە کە پەیوەستن بەگەشەسەندنی ئامرازەکانی راگەیاندن

لەولاٌتانی تازە پێگەیشتوودا، پێویستە چارەسەریان بکەن.[٢٤]

**یەکەم:** لەسەر ولاٌتە تازە پێگەیشتووەکانە بڕیار لەسەر ئەو توایانە بدەن کە تایبەتی ئەکات لەسەرچاوە کەمەکانی وەبەرهێنانی لە بواری راگەیاندندا.

**دووەم:** لەسەر ئەو ولاٌتانەیە کە بڕیار لەسەر ئەو رۆڵ و ئەرکانە بدەن کە بەهەردوو کەرتی گشتی و تایبەتی دەسپێردرێت.

**سێیەم:** لەسەر ئەو ولاٌتانەیە کە بڕیار بدەن لە ئاستی ئەو ئازادییەی رێگەی پێدەدەن هەروەها ئاستی ئەو کۆنترۆڵەی کە دەیسەپێنن، هەروەها بڕی ئەو لێکچوون و هاو شێوەبوونەی کە داوای دەکەن و ئەو جۆرایەتیەی کاریگەری پێدەدەن.

**چوارەم:** لەسەر ئەو ولاٌتانەیە بڕیار لەسەر ئاستی ناوەڕۆکی رۆشنبیری ئامرازەکانی راگەیاندن بدەن.

ئاستی پروپاگەندەو ئاگانامەو ریکلام لە کوردستاندا بەستراوە بەئاستی ئەو پرۆژە نوێیەو ئامێرە جۆراوجۆرو کەرەستانەی کە تازەن و هێشتا خەڵک ئاشنا نییە پێیان، یاخود چەند کۆمپانیایەکی گەورە ئەو ریکلامانە بەکاردەهێنێت، ئەگینا هێشتا سەرمایەداری کوردی لە کوردستاندا پەیوەست نییە بەریکلام و ئاگادارکردن بۆ بەرهەمەکانی بەڵکو بەجۆرێک لەزیادە مەسرەفی دادەنێت.

رێکخراوی یونسکۆی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان کەمترین ئاستی رۆژنامەگەری لە ولاٌتانی تازە پێگەیشتوودا بۆ هەر ١٠٠ کەسێک ١٠ رۆژنامەی داناوە کە یەکێکە لە پێویستییەکانی پەرەپێدانی تەواو لەو ولاٌتانەدا[٢٥] هەرچەندە ئێمە ناتوانین لە کوردستاندا ئەو پێوانەیە بکەین لەبەر نارێکی لە دەرچوون و تیراژی رۆژنامەکان.

## باسی یەکەم

## جۆرەکانی رۆژنامە لە هەرێمی کوردستان

پەیدابوون و هاتنەکایەی رۆژنامە لەهەر وڵاتێک هۆکارو هاندانی خۆی هەیەو دەچێتە بواری مێژووی تایبەت بەو وڵاتە سەرهەڵدانی رۆژنامەوانی لە کوردستاندا جیا لە پێویستبوونی کۆمەڵگا ئەوا هۆکارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بەشێکن لەو هۆیانەی دەبنە هۆی پەیدابوونی رۆژنامە لە کوردستاندا، جیا لەوەش بەهۆی نزیکی فەرهەنگ و کولتووری کوردی و کارتێکراوی بەدەوروبەری، ئەوا کەم تا زۆر هۆکاری دەرەکی رۆڵیان بینیوە لە سەرهەڵدانی رۆژنامە لە کوردستاندا، کە ئەم هۆکارە دەرەکیانەش کاریگەری ژیانی روناکبیری و سیاسی گەلانی دراوسێ بووە لەسەر کوردستان.

هەلومەرجی کوردستان بۆ سەرهەڵدان و پەرەسەندنی رۆژنامەگەری هەڵومەرجێکی لەبار نەبووە بەهۆی ئەو دواکەوتوویەی لە خوێندەواری و کولتووریدا هەبووەو بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا، هەروەها دواکەوتوویی کوردستان لە نەبوونی بنکەی ئابووری پیشەسازی بەهێز، کە تیایدا دەسەڵاتێکی ناوخۆیی لە کوردستاندا بەرێوەی ببات، بەڵام دوای گۆڕینی هەلومەرجەکان و هاتنەکایەی دەسەڵاتێکی ناوخۆیی و لە کوردستاندا ژمارەی رۆژنامەو گۆڤارەکان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکرد، ئەگەرچی یەکێک لەو کەموکورتیە زەقانەی لە نێوەندی رۆژنامەگەری کوردیدا خاڵێکی سلبییە، نەبوونی کادری پسپۆرە لە بواری رۆژنامەگەریداو بەجۆرێکە تێکەڵەیەک لە نێو رۆشنبیران و ئەدیبان و رۆژنامەنووساندا هەیە، کارکردن لە هەر بوارێک لەو بوارانە پێشینەو رێگە خۆشکەرە بۆ کارکردن لەوانی دی، ئەمیش دەرئەنجامێکی سەلبیە و جۆرێک لە نارێکی لە بەرهەمی هەریەک لەو بوارانە دروست دەکات..

چاپەمەنی لە کوردستاندا دابەش دەبێت بۆ بوارەکانی رۆژنامەو گۆڤارو کتێب و بڵاوکراوەکان، ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین بەشێک لەو رۆژنامە و گۆڤارانە بناسێنین.

**یەکەم: رۆژنامە رۆژانەییەکان**

لە کوردستاندا تائێستا دوو رۆژنامەی رۆژانە دەردەچێت هەریەک لەو رۆژنامانەش ئۆرگانی دوو حیزبی سەرەکی کوردستانن.

١- رۆژنامەی خەبات:

رۆژنامەیەکی رۆژانەیەو ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانەو یەکەمین ژمارە لە ١٩٥٩/٤/٤ لێ دەرچووە.

خەبات هەموو رۆژێکی هەفتە دەرچێت بەقەبارەی ١٦ لاپەرە، هەر دوو پەرەی بەرگ بەشێوەی رەنگاورەنگەو تیایدا جگە لە بانگێشت و چالاکی حیزبیەکان، رەخنە لە سستی چالاکیەکانی حکومەت دەگرێ و، هەروەها بابەت و نووسینی جودا لە خۆ دەگرێت، ئەم (١٦) لاپەرەیە دابەشدەبێت بۆ لاپەرەی هەواڵ و روداوەکانی رۆژو رێپۆرتاژو کاروباری کوردستانی و لاپەرەی کراوەو ئاگادارییەکان و چەند پەرەی تر کە هەفتانە رۆژێک تایبەتە بەبوارێک وەک (ئابووری و بازار، هونەر، زانست و تەندروستی، ئافرەت و کۆمەڵ، رێکخراوو سەندیکاکان) جیا لەوەی کە رۆژانی شەممە تایبەتەو بابەتی فکری و رۆشنبیری و لێکۆڵینەوە لەخۆ دەگرێت.

رۆژنامەی خەبات رۆژانە لاپەرەیەکی تایبەتی هەیە بەئاگادارییەکان و هەروەها گرنگی بەریکلام و بانگەشەکردن بۆ کۆمپانیاو ناوەندە بازرگانیەکان دەدات و وەک سەرچاوەیەکی داهات سودی لێوەردەگرێت.

**٢- رۆژنامەی کوردستانی نوێ:**

رۆژنامەیەکی رۆژانەیەو ئۆرگانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، لە دوای راپەرین دەرچووەو تائێستا بەردەوامە جگە لەرۆژانی شەممە هەموو رۆژەکانی هەفتە دەردەچێ و، بەقەبارەی (١٢) لاپەرەیە، هەردوو لاپەرەی بەرگ بەشێوەیەکی رەنگاورەنگەو جگە لە بانگهێشت و بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانی حیزب، بابەت و نووسین و راپۆرتی جۆراوجۆری تێدا بڵاودەکرێتەوە. لەم لاپەرانەش دابەشدەبن بۆ (هەواڵ و رووداوە ناوخۆییەکان و رێپۆرتاژو تەندروستی و ئافرەت)، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی پاشکۆ ئەدەب و هونەری لێ دەردەچێت. گرنگی بە بڵاوکردنەوەی ئاگاداری و ریکلام دەدات وەک سەرچاوەیەکی داهات.

ئەوەی تێبینی دەکرێت تائێستا لە کوردستاندا هیچ رۆژنامەیەکی رۆژانەی ئەهلی نییە کە کۆمپانیاییەک یاخود، دەستەیەکی سەربەخۆ دەری بکەن و بەشێوەیەکی لیبرالانە کاربکات.

**دووەم: هەفتەنامەکان**

**أ- رۆژنامە هەفتانەییەکان**

(هاولاتی - جەماوەر - هەوالّ - ئاسۆ - میدیا - یەکگرتوو - کۆمەڵ - نیشتمان - رزگاری - کورد - ئالای ئازادی - رۆژی ولات - ئازاد - بلاخ - رۆژهەلات - چاودێر - دیدی نوێ - دەنگ - پارێزگاران - ستایل - بەدرخان - ئۆکتۆبەر - شارستانی - رێگای کوردستان - افق - Globe).

**ب- گۆڤارە هەفتانەیەکان**

(گولان - صوت الاخر - دەنگی پێشمەرگە).

**سێیەم/ گۆڤارەکان:**

- رامان دەزگای گولان دەریدەکات.
- کاروان وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کورستان (هەولێر) دەریدەکات.
- پێشکەوتن یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان دەریدەکات.
- ئاراس وەرزشیەو دەزگای خەبات دەریدەکات.
- بارش بەزمانی تورکمانیەو وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێم (هەولێر) دەریدەکات.
- هزرین گۆڤارێکی فکریەو وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێم (هەولێر)دەریدەکات.
- توێژینەوە بایەخ بەکۆمەڵگا، سیاسەت و مەعریفە دەدات، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی دەریدەکات.

- شێوەکار وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان (هەولێر) دەریدەکات.
- ئاینده دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دەریدەکات.
- سەردەم دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دەریدەکات.
- هەرێم وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان (هەولێر) دەریدەکات.
- روناهی دەزگای خێرخوازی روناهی لە هەولێر دەریدەکات.
- زانستی سەردەم دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دەریدەکات.
- گەلاوێژی نوێ بنکەی روناکبیری گەلاوێژ دەریدەکات.
- مەدەنیەت مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیيەکانی یەکێتی نیشتمانی دەریدەکات.
- هەنگاو وەرزە گۆڤارێکی وەرگێڕانی فیکری و کەلتووری پێشکەوتنخوازە، کۆمەڵێک نووسەر دەریدەکەن.
- هەژان وەرزە گۆڤارێکی فیکری ئیسلامییە یەکگرتووی ئیسلامی دەریدەکات.
- پەیامی زانست وەرزە گۆڤارێکی فیکری ئیسلامییە یەکگرتووی دەری دەکات.
- بانە رۆژ روناکبیرانی کەرکوک سەر بەیەکێتی نیشتمانی دەریدەکەن.
- نەوشەفەق دەزگای شەفەق دەریدەکات.
- خاتوزین تایبەت بەئافرەتەو سەنتەری خاتوزین دەریدەکات.
- زانکۆی نوێ تایبەتە بەزانکۆو سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین دەریدەکات.
- بیاڤ گۆڤارێکی سەربەخۆی فیکریە.
- سپی تر گۆڤارێکی هونەری رۆشنبیری ئەدەبییە، ناوەندی ژێوەر دەریدەکات.
- وێب گۆڤارێکی زانستی مانگانەیە تایبەتە بەکۆمپیوتەرو ئینتەرنێت.

- دانا گۆڤارێکی زانستی وەرزیە تایبەتە بەکۆمپیوتەرو ئینتەرنێت.
- خاک گۆڤارێکی مانگانەیە دەزگای چاپەمەنی خاک دەریدەکات.
- سیخورمە گۆڤارێکی مانگانەیە دەزگای چاپەمەنی خاک دەریدەکات.
- تەندروستی و کۆمەڵ وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم (هەولێر) دەریدەکات.
- بابا گورگور گۆڤارێکی وەرزیە یەکگرتووی ئیسلامی دەریدەکات.
- روانگەو رەخنە گۆڤارێکی فیکری و رەخنەیی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتی نیشتمانی دەریدەکات.
- رۆشنگەری گۆڤارێکی فیکری و رەخنەیی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتی نیشتمانی دەریدەکات.
- هێشتا گۆڤارێکی وەرزیە کۆمەڵێک نووسەر دەریدەکەن.
- رۆیە گۆڤارێکی وەرزیە لە سلێمانی دەردەچێت.
- رێبەری پێشمەرگە گۆڤارێکی مانگانەیە مەڵبەندی رێکخستنی پێشمەرگەی (ی.ن.ک) دەریدەکات.
- نما گۆڤارێکی فیکریە سەنتەری لێکۆڵینەوەی فکری و ئەدەبی نما لە هەولێر دەریدەکات.
- تێکست وەرزە گۆڤارێکی ئەدەبی ورۆشنبیری گشتییە، بایەخ بەلاوان دەدات وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێم (سلێمانی) دەریدەکات.
- رێنیسانس وەرزە گۆڤارێکی فیکری و نوێگەرە، ئەهلی سەربەخۆیە کۆمەڵ نووسەرێک دەریدەکەن.
- ئایدیا گۆڤارێکی فیکری وەرزیە گرنگی بەوەرگێڕان دەدات کۆمەڵە نووسەرێک دەریدەکەن.
- ئابووری سیاسی گۆڤارێکی وەرزی ئابووری سیاسیە، سەندیکای ئابووریناسان دەریدەکات.
- هونەری نوێ گۆڤارێکی وەرزی هونەریە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێم

(هەولێر) دەریدەکات.

- الينابيع    گۆڤارێکی مانگانەی عەرەبییە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان (هەولێر) دەریدەکات.
- هاواری نوێ    گۆڤارێکی سیاسی رۆشنبیری کوردی - عەرەبییە بنکەی کاوەی رۆشنبیری دەریدەکات.
- ئاسۆی فۆلکلۆر    گۆڤارێکی وەرزی فۆلکلۆرییە، وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێم (هەولێر) دەریدەکات.
- نڤین    گۆڤارێکی رۆشنبیری رەخنەیی ئازادە کۆمەڵێک گەنجی سەربەخۆ دەریدەکەن.
- گەپ    گۆڤارێکی مانگانەیە و دەزگای موکریانی دەریدەکات.
- هەنگ    گۆڤارێکی منالآنەو وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێم (هەولێر) دەریدەکات.
- پەپولە    گۆڤارێکی منالآنەو وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێم (هەولێر) دەریدەکات.
- خەندە    گۆڤارێکی منالآنەو کۆمەڵەی ئیسلامی دەریدەکات.
- کۆلارە    گۆڤارێکی منالآنەو ئەهلیە.
- جگەرگۆشەکان    گۆڤارێکی منالآنەو یەکگرتووی ئیسلامی دەریدەکات.
- پەلکە زێڕینە    گۆڤارێکی منالآنەو دەزگای چاپ و بلآوکردنەوەی O.P.L.C دەریدەکات.
- کەپر    گۆڤارێکی منالآنەو دەزگای سپیریز بەیارمەتی دیاکۆنا دەریدەکات.
- بابە گوڕگوڕ    گۆڤارێکی منالآنەو دەزگای شەفەق دەریدەکات.

## باسی دووەم

### ئابووری رۆژنامەیی لە هەرێمی کوردستان و، تەرکیزکردنە سەر رۆژنامەی خەبات

رۆژنامـەی خـەبات ئۆرگـانی پارتی دیموکـراتی کـوردسـتـانەو، هەر لەو پارتەوە تەمـویل دەکرێ، واتە لەڕووی خاوەندارێتییەوە، رۆژامەیەکی حزبییەو هەموو سەرچاوە داراییەکانی هەر لەو پارتەوەیە، بەپێی ئەو زانیـاریانەی تـوێژەر لە لێکۆڵـینەوەکـەیدا دەسـتی کـەوتووە ئەوا شیکاری ئابووریانەی رۆژنامەی خەبات دەکات.

**یەکەم: تێچوونی نەگۆڕ لە رۆژنامە خەباتدا**

- تێچوونی بینایەو باڵەخانەی رۆژنامەی خەبات

باڵەخانەی رۆژنامەی خەبات، پێشتر هی حکومەتی عێراقی بووە لەدوای راپەڕین بۆتە مـوڵکی پارتی دیموکـراتی کـوردسـتـان و دوای بووە بەمـوڵکی دەزگـای خـەبات، بەپێی جوگرافیای ئەو ناوەندە شوێنێکی گرنگە و لە ئێستادا بەمەبلەغی ٧٥٠,٠٠٠٠٠٠ دینار دەخەملێنرێت.

**- تێچوونی ئامێرەکان**

کۆمپیوتەرو ئامێرەکان لەلایەن مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی پارتی بۆ دەزگای خەبات دابینکراوە، هیچ ئامارێک لە رۆژنامەی خەباتدا لەو بارەیەوە نییە.

**دووەم: تێچوونی گۆڕاو**

تێچوونی گۆڕاو لە رۆژنامـەی خەباتدا زۆربواری جودا دەگرێتـەوە کە بەشێوەیەکی ورد لە خشـتـەکانـدا تۆمارکـراوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە کـەرەسـتـەکانی چاپکردن مـەکـتـەبی ناوەندی راگـەیانـدنی پارتی بۆیان دابینـدەکـات توێژەر نەیـتوانی تێـچووەکـانی ئەو لایەنە دەستەبەر بکات، بۆیە خشتەکان تێچوونی کەرەستەی چاپی تێدا نییە.

خشتەی ژمارە (١) لایەنەکانی تێچوون لە رۆژنامەی خەبات نیشان دەدات ئەوەی پێویستە بوترێت، بەهۆی ئەو گرفتانەی لەبەردەم ئامادەکردنی ئەم خشتەیە دروست بوو توێژەر نەیتوانی تێچوونی کەرەستەکانی چاپ لە (وەرەقەو حیبرو پلێت و وەرەقەی رۆڵ و ترێس) ئامادە بکات، بەهۆی ئەوەی ئەم جۆرە لەتێچوون لەلایەن دەزگای رۆژنامەنووسی خەبات ناکڕێ و بەڵکو مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆیان دابیندەکات، بەجۆرێک توێژەر نەیتوانی بەشێوەیەکی دروست مانگانە دەستەبەری بکات، بەڵام بەپێی نرخی ئەو کەرەستانە لە بازاڕدا دەتوانین تێچوونی هەموو ئەو کەرەستانە مانگانە بەخەملێنین بە (٨٢٥٠٠٠٠) دینار، بەڵام لەگەڵ خەملاندنی ئەو نرخەشدا ناتوانین لە خشتەکەدا حیسابی بکەین، لەبەرئەوەی بەتێچوون لەسەر رۆژنامەی خەبات حیساب ناکرێ و هەروەها بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنی خشتەکە دروست دەربچێت، ناکرێت بەخەملاندنی ئەم تێچوونە هەژمار بکرێت.

لەمانگی (٦)دا کاروباری بەڕێوەبردن زۆرترین خەرجی هەیە، کە مەبلەغەکەی دەگاتە (٩٠٩١٠٠) دینار، دوای ئەویش پاداشتی نووسەران کە لە بەرامبەر ئەو بابەت، یاخود راپۆرتانە دەدرێ کە جگە لە پەیامنێرەکانی خۆیان ئامادەی دەکەن، مەبلەغەکەش بریتییە لە (٧٢٦٧٠٠٠) دینار، بەگشتی کۆی تێچونی لە مانگی (٦)دا بریتییە لە (٥٢٦٧٩٢٥٠) دینار.

لە مانگی (٧) تێبینی دەکەین کۆی تێچوونی گشتی دابەزیوە بەبەراورد لەگەڵ مانگی شەشدا، کە بریتییە لە (٤٥٤١٢٣٧٥) دینار، واتا بڕی (٧٢٦٦٨٧٥) دینار خەرجی کەمبۆتەوە، ئەمەش لە دابەزینی زۆر لە تێچوونی پاداشتی نووسەران بەبڕی (٣٤٦١٠٠٠) دینار، هەروەها دابەزین لە تێچوونی کاروباری بەڕێوەبردن بەبڕی (٣١٦٢٩٥٠) دینارە.

لە مانگی (٩)دا دیسان کۆی تێچوونی گشتی دادەبەزێ بەجیاوازی بڕی

(٣٥١٢٤٥٠) دینار، بەڵام ئەوەی جێی تێبینییە هیچ جۆرە تێچوونێک لە بەرامبەر هاتووچۆی پەیامنێران تۆمار نەکراوە.

لەمانگی (١٠) لە جیاوازییەکی کەم تێچوونی گشتی بەرزبۆتەوە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت هیچ خەرجیەک تۆمار نەکراوە لە هاوکاری و یارمەتی، لە بەرامبەر ئەوەشدا تێچوونی پاداشتی نووسەران بەرزبۆتەوە بەجیاوازی بڕی (٤٤٧٦٥٠٠) دینارە.

لە مانگی (١١)دا کۆی تێچوونی گشتی بەشێوەیەکی بەرچاو زیاددەکات، بەجۆرێک لە ئاستی یەکەمی تێچوونی لە مانگی (٦) زیاد دەبێ و بڕەکەی دەگاتە (٥٤٧٦٨٠٩٠) دینار ئەم بەرزبوونەوەیەش بەشێوەیەکی بەرچاو لە پاداشتی نووسەران و هاتووچۆی پەیامنێراندا دەبیندرێت، پاداشتی نووسەر بۆ هەر هەواڵێک کە ئامادەی دەکات یاخود هەر نووسین و راپۆرتێک کە ئامادە دەکرێ بۆ رۆژنامەکە ئەوا بڕی (٦٠٠٠ تا ٢٥٠٠٠) دینار وەک پاداشت دەدرێت بۆ نووسەرەکە هەروەها بەرزبوونەوەی لە تێچوونی کاروباری بەڕێوەبردن هەیە، بەڵام هێشتا ناگاتە ئاستی دەستپێکردنی دابەزینی لەمانگی (٧)ەوە. هەروەها دیسان هیچ جۆرە خەرجیەک لەسەر هاوکاری و یارمەتی تۆمار نەکراوە.

ئەوەی پێویستە بوترێت، مووچەی مانگانەو گرێبەست لەماوەی ئەو (٦) مانگەدا جێگیرەو ناگۆڕێت ئەمەش سروشتییە بۆ هەر دەزگایەکی حیزبی کە لە ماوەیەکی کەمدا گۆڕانی ئەوتۆ لە مووچەکانیاندا روونادات.

بەگشتی لەم خشتەیە لە جۆرەکانی تێچوون تێبینی دەکرێت، بەهێزبوونی ئاستی بەڕێوەبردنە، کە تێچوونەکانی کاروباری بەڕێوەبردن کەمدەکاتەوەو، هەروەها لە مانگی (١٠-١١) هیچ جۆرە هاوکاری و یارمەتییەک تۆمار نەکراوە.

لە خشتەی ژمارە (٢)دا جۆرەکانی داهات و کۆی گشتی داهات خراوەتەڕوو، لە مانگی (٦)دا کۆی گشتی داهات بریتییە لە (٦٥٨٠٥٠٠٠) دینار واتا بەبڕی قازانجی (١٣١٢٥٧٥٠) دینار بەبەراورد لەگەڵ تێچوونی گشتی (٥٢٦٧٩٢٥٠) دینار بەراورد دەکرێت، کە تیایدا ئاگادارییەکان زۆرترین ڕێژە لە داهات پێکدەهێنن کە بڕەکەی (١٨٠٦٢٢٥٠) دینارە، ئەگەرچی ئەم ئاگادارییانە تەنها ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە دەکەونە سنووری حکومەتی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی هەولێر) دوای ئەویش داهاتی فرۆشتنی ڕۆژنامە بەپلەی دووەم دێت کە بڕەکەی (١٦٢٧٧٧٥٠) دینارە هەروەها داهاتی جۆراوجۆ کە (٧٥٠٠٠) دیناری بریتییە لە داهاتی بەکرێدانی دوکان، کە دەکەوێتە سەر بینایەی ڕۆژنامەی خەبات، هەروەها (٧٥٠٠٠٠٠) دینار کە تەواوکەری میزانییەی مانگی (٦)ە.

لەمانگی (٧) کۆی گشتی داهات دادەبەزێ بۆ (٦٤٢٦٤٤٠٠) دینار، کەچی لە بەرامبەریشدا بەهەمان شێوە تێچوونی گشتی لە مانگی (٧)دا دابەزیوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دابەزینی ئاستی داهاتی جۆراوجۆر لەگەڵ دابەزینی ئاستی داهاتی ئاگادارییەکان بەبەراورد لەگەڵ مانگی (٦)دا، کەچی ریکلامی بازرگانی بەرزبوونەوەیەکی زۆر بەخۆیەوە دەبینێ بەجۆرێک لەسەرجەمی داهاتی (٦) مانگ ریکلامی بازرگانی لە ڕۆژنامەی خەباتدا، بەرزترین ڕێژە تۆمار دەکات، کە بڕەکەی بریتیە لە (٢٧٥٣٧٤٥٠) دینار.

لە مانگی (٨)دا کۆی داهاتی گشتی بەرزبوونەوەیەکی زۆر بەخۆیەوە دەبینێ بەجۆرێک بڕی جیاوازی لە بەرزبوونەوەی داهات بەبەراورد لەگەڵ مانگی (٧) بریتییە لە (١١١٢٦٢٧٥) دینار، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبوونەوەی داهاتی مدور کە مانگانە لەسەر نەسریەی پێدراو ئەمێنێتەوە و وەکو داهات لەسەر مانگی داهاتوو حیساب دەکرێت، قازانجی گشتی لەم مانگەدا بریتی دەبێت لە (٢٧٨٢١٤٢٢) دینار ئەمەش بەرزترین ڕێژەی قازانجە لەچاو هەردوو مانگی رابردوو. (سەیری خشتەی ژمارە ٣ بکە) کە دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی داهاتی فرۆشتنی ڕۆژنامەو بەرزی داهاتی ریکلامی بازرگانی و مدور.

لەمانگی (٩)دا دیسان کۆی داهاتی گشتی بەرزدەبێتەوە بەجیاوازی بڕی (١١٣٦٨٠٥٠) دینار و، بەقازانجی (٤٢٧٠١٩٧٥) دینار، ئەمەش تێبینی دەکرێت لە بەرزبوونەوەیەکی زۆر لە داهاتی مدور، کە بەجیاوازی بڕی (١٢٠٥١٦٠٠) دینارەو، هەروەها هەڵساوە بەدابەشکردنی رۆژنامەی خەباتی و داهاتەکەی بریتبووە لەو مەبلەغە.

لەمانگی (١٠) کۆی داهاتی گشتی بەرزدەبێتەوە بۆ (١٠٠٣٢٨٧٥٠) دینارو قازانج دەگاتە (٥٤٨٩٩٢٥٩) دینار، ئەمەش بەهۆی بەرزبوونەوەی داهاتی مدور و بەرزبوونەوەی داهاتی ریکلامی بازرگانیە، هەروەها داهاتی فرۆشتنی رۆژنامە بەرزبوونەوەیەکی پێوانەیی لە کۆی هەر (٦) مانگەکە تۆمار دەکات و بڕەکەی دەگاتە (٢١٨٩٢٤٢٥) دینار، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ فراوانبوونی نووسینگەکانی دابەشکردنی و زیادکردنی تیراژی رۆژنامەکە بۆ (١٠١٧٧١) ژمارە هەروەها فرۆشتنی (١٠١٢٠١) ژمارە لەو تیراژە سەیری خشتەی ژمارە (٦) بکە.

لەمانگی ١١دا داهاتی گشتی بەبەرزبوونەوەی یەک لە دوای یەکی بەرزترین رێژە تۆمار دەکاو دەگاتە (١١٠١٠٤٦٧٥) دینارو بەهەمان شێوە بڕی قازانج بەبەرزترین تۆمار دەکاو دەگاتە (٥٥٣٣٦٥٨٥) دینار، لە هەمان کاتدا داهاتی مدور زۆرترین رێژەی تۆمار دەکاو دەگاتە (٥٩٣٤٦٤٧٥) دینار، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت دابەزینی داهاتی فرۆشتنی رۆژنامەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمکردنەوەی تیراژی رۆژنامەکە بەبەراورد لەگەڵ مانگی (١٠) کەم کراوەتەوە بۆ (٩٥٠٦٦) ژمارە کە تیایدا، (٩٤٧٦٥) ژمارەی لێ فرۆشراوە. کۆی گشتی داهاتی فرۆشتنی رۆژنامە دابەزیوە بۆ (٢٠٥٤٣٩٠٠) دینار.

ئەوەی لە خشتەی ژمارە ٢ تێبینی دەکرێت بەرزبوونەوەی یەک لە دوای یەکی ئاستی داهات لە مانگی (٦) بەبەراورد لەگەڵ مانگی (١١)دا دەگاتە (٤٤٢٩٩٦٧٥) دینار هەروەها دابەزینی یەک لە دوای یەکی داهاتی ئاگادارییەکانە، بەجۆرێک جیاوازیان لە مانگی (٦) بۆ مانگی (١١) دەگاتە (١٥٠٤٦٧٥٠) کە ئەمەش دابەزینێکی زۆرە لە داهاتی رۆژنامەی خەبات.

**خشتەی ژمارە (٣)**

**خشتەی قازانج**

| مانگ | داهاتی گشتی | تێچوونی گشتی | قازانج |
|---|---|---|---|
| ٦ | ٦٥٨٠٥٠٠٠ | ٥٢٦٧٩٢٥٠ | ١٣١٢٥٧٥٠ |
| ٧ | ٦٤٣٦٤٤٠٠ | ٤٥٤١٢٣٧٥ | ١٨٨٥٢٠٢٥ |
| ٨ | ٧٥٣٩٠٦٧٥ | ٤٧٥٦٩٢٠٠ | ٢٧٨٢١٤٧٢ |
| ٩ | ٨٦٧٥٨٧٢٥ | ٤٤٠٥٢٧٥٠ | ٤٢٧٠١٩٧٥ |
| ١٠ | ١٠٠٣٢٨٧٥٠ | ٤٥٤٢٩١١ | ٥٤٨٩٩٢٥٩ |
| ١١ | ١١٠١٠٤٦٧٥ | ٥٤٧٦٨٠٩٠ | ٥٥٣٣٦٥٨٥ |

**بەپێی یاسای قازانج دەرهێنراوە کە بریتییە لە**

**T=TR-TC**

خشتەی ژمارە٣ قازانج نیشان دەدات کە تیایدا بەپێی یاسای قازانج لە ئابووریدا کە بریتییە لە: T=TR-TC

واتە: (قازانج = داهاتی گشتی - تێچوونی گشتی)

لەم خشتەیەدا تێبینی دەکرێت لە مانگی (٦)ەوە رێژەی قازانج لە بەرزبوونەوەدایە تا دەگاتە مانگی (١١)، واتە بڕی جیاوازی بەرزبوونەوەی قازانج لە ماوەی (٦) مانگدا بریتییە لە (٤٢٢١٠٨٢٥) دینار، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمبوونەوەی خەرجی کاروباری بەڕێوەبردن و هەروەها کەمبوونەوەو نەمانی خەرجی هاوکاری و یارمەتی و، زیادبوونی داهاتی مدور و داهاتی فرۆشتنی رۆژنامەو، هەروەها زیادبوونی نەسریەو، زیادبوونی داهاتی ریکلامی بازرگانی، بۆیە ئەمە بەخاڵێکی ئیجابی دادەنرێت لە بەڕێوەبردنی رۆژنامەداو، پێوەرەکە بۆ بەردەوامبوونی، وەڵامێکیشە بۆ گریمانەی تایبەتمەندێتی ئابوورییانەی رۆژنامە، کە بەشێوەیەکی ئیجابی دەبێتە هۆی پەرەپێدانی ئابووری، ئەگەر

ئامانجی پرۆژەیەکی ئابووری بریتیبێت لە بەدەست هێنانی قازانج، ئەوا لەو روانگەیەوە دەتوانین بڵێین دەزگای رۆژنامەوانی خەبات ئەگەرچی پرۆژەیەکی ئابووری نییە، بەڵام پێوەری ئابوورییانەی لەسەر رادەوەستێ و دەبێتە هۆی وەدەست هێنانی قازانج.

خشتەی ژمارە (٤) گرنگی رێژەیی بەندەکانی تێچوون بەگوێرەی تێچوونی گشتی روون دەکاتەوە، کە بەهۆی یاسایی گرنگی رێژەیی - تێچوون/ تێچوونی گشتی ×١٠٠، ئامادەکراوە.

لە مانگی (٦) دا دەبینرێ کە گرنگی رێژەیی (٥-١) بەرزترین رێژەی تێچوون پێکدەهێنێت، کە بریتییە لە ١٦,٩٩٢٪ ، کە ئاماژەیە بەتێچوونی کاروباری بەڕێوەبردن، ئەم جۆرە خەرجیە بەهۆی گەندەڵی ئیدارییەوە واقیعی خەرجی زۆربەی دامەزراوەکانە، دوای ئەمیش نووسەران گرنگی رێژەیی ١٣٠٧٩٥٪ پێک دەهێنن، بەڵام هاتووچۆی پەیامنێران کەمترین رێژە پێک دەهێنێت کە بریتییە لە ١,٢١٦٪ کە ئەم خەرجیە لە بەرامبەر ئامادەکردن و پەیداکردنی هەواڵ و رێپۆرتاژەکان خەرج دەکرێت.

لە مانگی (٧)دا گرنگی رێژەیی کرێی چاپ بەرزترین رێژەی خەرجیەکان پێکدەهێنێ، کە بریتییە لە ١٣,٢٤٥٪ ، بەڵام گرنگی رێژەیی تێچوونی کاروباری بەڕێوەبردن لەچاو مانگی (٦)دا، بەرێژەی ٤,٣٣٩٪ دابەزیوە، کە ئەم دابەزینەش لە رێژەی تێچوونی کاروباری بەڕێوەبردن بەرامبەر رێژەی تێچوونەکانی هاتووچۆی پەیامنێران و فاکس و تەلەفۆن و ئینتەرنێت و قرتاسیە و پێداویستییەکانە، واتە ئەم دابەزینە لەرێژەی تێچوون کارێکی ئیجابییەو، هەوڵێکە بۆ کەمکردنەوەی کۆی گشتی تێچوونەکان و لە بەرامبەردا بەرزکردنەوەی داهات.

لەمانگی (٨)دا گرنگی رێژەیی تێچوونی کرێی چاپ بەرزترین رێژە پێکدەهێنێ، کە رێژەکەی بریتییە لە ١٢,٣٠٪ هەرچەندە ئەم رێژەیە لەچاو رێژەی مانگی (٧) بە ٩٤٥٪ دابەزیوە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ بەرزبوونەوەی تێچوونی (کەلوپەل و چاکردنەوەی ئامێرەکان) لە ٣,٥٤٨٪ ) بۆ ٩,٦٥٥٪ ، ئەم بەرزبوونەوەیەش رەنگە بەهۆی

لەکارکەوتنی چەند ئامێرێکەوە بووبێت کە بۆچاکردنەوەی ئەم برە لە تێچوون خەرج کراوە، یاخود بۆ کڕینی کەلوپەلی پێویست خەرج کراوە.

لەمانگی (٩)دا دەبینین کە گرنگی ڕێژەیی تێچوونی (کەلوپەل و چاکردنەوەی ئامێرەکان) دادەبەزێ، لە بەرامبەردا گرنگی ڕێژەیی تێچوونەکانی (هاوکاتە و یارمەتی و کاروباری بەڕێوەبردن) بەرزدەبێتەوە.

لە مانگی (٩)دا گرنگی ڕێژەیی پاداشت بەشێکی زۆر لەڕێژەی گشتی تێچوون پێک دەهێنێ و ڕێژەکە لە ٧,٨٤٠٪ بەرزدەبێتەوە بۆ ١٧,٤٥٧٪ کە ئەمەش ڕەنگە بەهۆی زیادکردنی بڕی پارەی پێدراوبێت بەنووسەران وەک سیاسەتێکی ڕۆژنامەکە بۆ سەرنج ڕاکێشان و هاندانی نووسەران لە هاوکاری کردنی ڕۆژنامەکەدا.

لە مانگی (١١)دا دیسان گرنگی ڕێژەیی لە تێچوونی پاداشتی نووسەران بەرزدەبێتەوە بۆ ١٨,٣٤٤٪ هەروەها گرنگی ڕێژەیی کاروباری بەڕێوەبردن دوای دابەزینێکی بەردەوام بەرزدەبێتەوە بۆ ٩,٣٧١٪ بەڵام گرنگی ڕێژەیی کرێی چاپ دادەبەزێ بۆ نزمترین ئاست لە چاو چوار مانگی رابردوو، کە ڕێژەکەی دەبێتە ١٠,٧٠٢٪ هەروەها دیسان گرنگی ڕێژەیی تێچوونی (کەلوپەل و چاکردنەوەی ئامێرەکان) بەرزدەبێتەوە بۆ ٨,٦٧٩٪ ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئامێرەکان کۆنن و زۆر بەزوویی تووشی لەکارکەوتن دێن و پێویستیان بە چاککردنەوە هەیە، یاخود لەم بەرزبوونەوەیە بەهۆی کڕینی کەلوپەلی پێویستەوەیە.

بەگشتی گرنگی ڕێژەیی تێچوونی هەریەک لە بەندەکان روو لە دابەزینە، ئەمەشە خاڵێکی ئیجابییە لە ئابووری ڕۆژنامەی خەبات.

خشتەی ژمارە (٥) گرنگی ڕێژەیی ئاستەکانی داهات نیشان دەدات، بەگوێرەی داهاتی گشتی کە ئامادەکراوە بەپێی یاسای گرنگی ڕێژەیی - داهات/ داهاتی گشتی × ١٠٠

لە مانگی (٦)دا گرنگی ڕێژەیی ئاگاداریەکان بەرزترین ڕێژەی ئاستەکانی داهات پێک دەهێنێت کە ڕێژەکەی بریتییە لە ٢٧,٤٤٨٪ ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە لە داهات کە دوو هێندەی ڕێژەی ریکلامی بازرگانییە، کە ڕێژەکەی بریتییە لە ١٣,٢٣٪ بەڵام لە مانی (١١)دا ئەم پێچەوانە دەبێتەوە، بەجۆرێک گرنگی ڕێژەیی ریکلامی بازرگانی چەند هێندەی گرنگی ڕێژەیی ئاگاداریەکان دەبێت، بەجۆرێک گرنگی ڕێژەیی ریکلامی بازرگانی دەبێتە ١١,١١٪ کەچی گرنگی ڕێژەیی ئاگادارییەکان کەم دەبێتەوە بۆ ٢,٧٣٩٪ هەروەها گرنگی ڕێژەیی فرۆشتنی ڕۆژنامە بەپلەی دووەم دێت بەگوێرەی داهاتی گشتی کە ڕێژەکەی بریتییە لە ٧٤,٨٨٨٪.

لە مانگی (٧)دا گرنگی ڕێژەیی ریکلامی بازرگانی بەرزبوونەوەیەکی زۆر بەخۆیەوە دەبینێ و گەورەترین ڕێژەی دەبێت لە بەدەستهێنانی داهاتدا، کە ڕێژەکەی بریتییە ٤٣,٨٥٪ی کۆی گشتی داهات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆربوونی ئەو کۆمپانیا و ناوەندە بازرگانیانەی لە کوردستاندا زیادی کردووەو، لەڕێگەی ڕۆژنامەی خەباتەوە ریکلامی بازرگانی بۆ کارو بەرهەمەکانیان دەکەن، نزمترین ڕێژەش لە گرنگی ڕێژەیی داهات بریتییە لە ١١٧٪ کە ڕێژەی داهاتی جۆراوجۆرە.

لە مانگی (٨)دا گرنگی ڕێژەیی ریکلامی بازرگانی هێشتا بەرزترین ڕێژە لەداهات پێک دەهێنێ، هەرچەندە ئەم ڕێژەیە دابەزیوە، هەروەها گرنگی ڕێژەیی داهاتی مدور پلەی دووەمی گرنگی ڕێژەیی داهاتی گشتی پێکدەهێنێ کە ڕێژەکەی لە ٦٠,٥٠٦٪ بۆ ٢٨,٥٩٪ بەرزبۆتەوە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ گرنگی ڕێژەیی داهاتی ئاگادارییەکان لە نزمبوونەوەی بەردەوام دایە بەگوێرەی داهاتی گشتی.

لە مـانگی (٩)دا تێکڕای گـرنگی ڕێژەیی داهاتی مـدور لە بەرزترین ئاسـتـدایەو، هەروەها گرنگی ڕێژەی داهاتی جۆراوجۆر بەرزدەبێتەوە بەگوێرەی داهاتی گشتی، هەروەها دابەزینێکی زۆر بەگـرنگی ڕێژەیی لە داهاتی ریکلامی بازرگـانیـدا ڕوودەدات ئەمـەش بەهۆی کەمبوونەوەی ریکلامی بازرگانییە لە ڕۆژنامەی خەباتدا.

لە مـانگی (١٠)دا گـرنگی ڕێژەیی نەسـریە زیاد دەکـات لەگـەڵ بەردەوام زیادبوونی گـرنگی ڕێژەیی بەداهاتی مـدور بەگـوێرەی داهاتی گـشـتی، کـەمـترین گـرنگی ڕێژەیی داهاتیش، داهاتی جۆراوجۆرە کە بڕەکەی ٧٥٪ و بریتییە لە داهاتی بەکرێ دانی دوکان کە لەسەر بینایەی ڕۆژنامەی خەباتە.

لە مانگی (١١)دا ئەوەی تێبینی دەکرێ سەرجەم گرنگی ڕێژەیی داهاتەکان دابەزیوە بەگـوێرەی داهاتی گـشـتی لە چاو مـانگی (١٠)دا تەنهـا ئەوەی کـە گرنگی ڕێژەییەکـەی بەرزبۆتەوە گرنگی ڕێژەیی داهاتی مدورە، کە ئەویش کۆی چوونەسەریەکی داهاتی ماوەی مانگانەیە.

بەگشتی ئەوەی لە خشتـەی ژمارە (٥) تێبینی دەکرێ دوولایەنی ئیجابی و سلبییە، ئیجابییە لەوەی کە بەهۆی بوونی ئیدارەیەکی بەهێزەوە توانراوە ئەو خەرجیانە ڕێک بخرێ کـە مـانگانە سـەرف دەکـرێ و ببـێـتـە هۆی مـانەوەی وەک مـدور و دواتـر وەک داهات بۆ مـانگەکانی تر کە ئەمە خاڵێکی ئیجابیە، بەڵام ئەوەی کە سلبییە و پێویستە ڕۆژنامـەی خـەبات گـرنگی پێـبـدات، دابەزینی یەک لە دوای یەکی گـرنگی ڕێژەیی داهاتی ئاگـاداربیـەکـانە، هەروەها گـرنگی ڕێژەیی ریکلامی بازرگـانیش جـۆرێک لە بەرزونزمی تێدایە بەگوێرەی داهاتی گشتی.

وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێ تیراژی گشتی لەو مانگەدا بریتی یە ئەگەر ئەم ژمارەیەش دابەش بکەین توێژەر ئامادەی کردووە بەپشتبەستن بەنوسراوی فەرمی دەزگای خەبات.

کۆی گشتی داهاتی فرۆشراو دەردێت بە (فرۆشراو × نرخ).

خشتەی ژمارە (٦) دابەشکردنی رۆژنامەی خەبات نیشان دەدات بۆ مانگی ١٠ی ٢٠٠٤، وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێ تیراژی گشتی لەو مانگەدا بریتییە لە (١٠١٧٧١) گەر ئەم ژمارەیەش دابەش بکەین بەسەر ٣٠ رۆژدا، ئەوا مانای وایە رۆژانە ٣٣٩٢ ژمارەی خەبات دەردەچێ و دابەش دەبێ بەسەر کوردستاندا، کە ئەمەش رێژەیەکی زۆر کەمەو، زۆر خەڵکی بێ بەش دەبێ لە خوێندنەوەی، بۆ نموونە رانیە لە ماوەی مانگێکدا تەنها (٧٠) دانەی بۆچووە، واتە لە رۆژێکدا (٢,٣) رۆژنامە دەچێتە رانیە، کە ئەمەش رێژەیەکی زۆر کەمەو پێویستە زیادبکرێت، هەروەها زۆر ناوچەی دیکە هەیە کە رۆژنامەی خەبات بەپێی خشتەکە نووسینگەی دابەشکردنی نییە، وەک زاخۆو ناوچەکانی کەلارو کفری و دەربەندیخان و خانەقین و گوندەکان، ئەمەش خاڵێکی سلبیەو دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی کاریگەریەکانی رۆژنامە لەو ناوچانەدا و لە هەمانکاتیشدا کەمبوونەوەی داهاتی چاوەڕوانکراوە بۆ رۆژنامەی خەبات گەر بێت و رۆژنامەکە بگاتە ئەو شوێنانەش.

هەروەها دەبینن لەگەڵ ئەو رێژە کەمانەدا کەچی هێشتا رێژەی گەڕاوە هەیە، کە بریتییە لە ٥ ٪ بۆیە پێویستە بەپێی سیاسەتێکی گونجاو ئەم رێژەیە بەسەر ئەو شوێنانەدا دابەش بکرێت کە رۆژنامەکەیان بۆ ناچێت.

خشتەی ژمارە (٧) دابەش کردنی رۆژنامەی خەبات بۆ مانگی (٢٠٠٤/١١) نیشان دەدات کە کۆی گشتی دەرچوون لەو مانگەدا (٩٥٠٦٦) رۆژنامەیەو لەو ژمارەیەدا (٩٤٧٦٥) ژمارەی لێ فرۆشراوە کە رێژەی ٩٩,٦٨٢٪ پێکدەهێنێ و هەروەها ٣٠١ رۆژنامە گەڕاوەتەوە کە رێژەی ٣١٦٪.

تیراژی مانگی (١١) کەمبۆتەوە لە چاو مانگی (١٠)دا هەرچەندە رێژەی ئەو ناوچانەی رۆژنامەکەیان بەسەردا دابەش دەکرێ کەمبۆتەوەو هێشتا زۆر ناوچە هەیە کە رۆژنامەیان ناگاتێ، ئەوەی تێبینی دەکرێ زۆربەی رێژەی فرۆشراو لە ناوەندی پایتەختدایە ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دامودەزگاکانی حکومەت لەو شارەداو هەروەها بەهۆی بوونی دەزگاکەیە لەو شارەدا.

گەر کۆی گشتی تیراژی رۆژنامەکە دابەش بکەین بەسەر ٣٠ رۆژدا، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ کە ناوەندی تیراژی رۆژنامەی خەبات لەو مانگەدا بریتییە لە ٣١٦٨,٨ لەسەر تەواوی کوردستان، کە ئەمەش رێژەیەکی زۆر کەمەو ناگاتە پێویستی بوونی خەڵکی بەرۆژنامە، بۆیە پێویستە رۆژنامەکە گرنگی بە سیاسەتی دابەشکردنی بدات بۆ بەرزکردنەوەی تیراژی خۆی و گەیشتنی بەسەرجەم ناوچەکان.

# دەرئەنجام و پێشنیارەکان

## باسی یەکەم

## دەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە

**یەکەم:** ئەنجامە گشتییەکانی لێکۆڵینەوەکە

لە ئەنجامی گشتی لێکۆڵینەوەکە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە رۆژنامە لە کوردستاندا ئەم بوارانە دەیگرێتەوە.

١- رۆژنامەکان رۆڵ دەبینن لە دروست کردنی رای گشتیدا.

٢- رۆژنامەکان رۆڵ دەبینن لە کارکردنە سەر ناوەندی سیاسی و بڕیار لە کوردستاندا.

٣- رۆژنامەکان رۆڵ دەبینن لە وشیارکردنەوەی خوێنەری لەهەمبەر رووداوەکان.

٤- رۆژنامەکان کەناڵێکن بۆ فراوان بوونی رۆشنبیری و زانیاری.

٥- رۆژنامەکان رۆڵ دەبینن لە پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی لە رێگەی خستنەڕووی لایەنە خراپەکانی کۆمەڵگاو پێدانی چارەسەرییەکان.

٦- رۆژنامەکان رۆڵی دەبینن لە پەرەپێدانی ئابووری و پێدانی زانیاری لەسەر کارکردنی رووداوە سیاسیەکان لەسەر ئابووری.

٧- رۆژنامەکان لە کوردستاندا هێشتا ئەو رۆڵەیان نەگێڕاوە کە پێویستە رۆژنامە هەبێت.

٨- کەموکورتی و نازانستی لە کاروباری رۆژنامەگەریدا رۆڵی رۆژنامەی کەمکردۆتەوە لە کاریگەرییەکانی لەسەر بواری دیاریکراو.

٩- زۆری رۆژنامە حزبییەکان لە چاو رۆژنامەی ئەهلی کاریگەری کارتێکردنی رۆژنامەی

کەمکردۆتەوە.

١٠- رۆژنامە ئەهلییەکان بەشێوەیەک لە شێوەکانی بوونەتە هۆی کەمکردنەوەی بازاڕی رۆژنامە حیزبییەکان.

١١- رۆژنامەنووسی بواری ئابووری هێشتا لە کوردستاندا نییەو پێویستە زیاتر گرنگی پێ بدرێت.

١٣- توانای دابەشکردنی رۆژنامەکان لە کوردستاندا لاوازە و پێویستە گرنگی پێبدرێت.

**دووەم:** ئەنجامەکانی تایبەت لە گریمانەی لێکۆڵینەوەکە

١- تایبەتمەندێتی ئابووری لە رۆژنامە: لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەو دوای شیکاری تێچوون و داهاتی رۆژنامەی خەبات، کە بە قازانج کۆتایی دێت، ئێمە لێرەدا ئەم گریمانەیە پەسەند دەکەین (کە رۆژنامە تایبەتمەندێتی ئابوورییانەی هەیە).

٢- رۆژنامە رۆڵ دەبینێت لە پەرەپێدانی ئابووریدا: دوای ئەوەی بەشێوەیەکی تیۆری باسمان لە گرنگی رۆژنامە کرد لە پەرەپێدانی ئابووریدا، هەروەها لە رۆژنامەی خەباتدا لایەنێکی گرنگی ئەم پەرەپێدانە باس کراوە، جیا لەوەش لە رۆژنامەی خەباتدا جگە لە بابەتەکانی تر کە لەسەر ئابووری دەنووسرێت، ئەوە هەفتانە لاپەڕەیەکی تایبەت بەئابووری و بازاڕ دەردەچێت، بەشێوەیەکی عەمەلی ریکلامی بازرگانی داهاتێکی زۆری بۆ رۆژنامەی خەبات هەیە، کەواتە رۆژنامەی خەبات لەڕێی بابەت و نووسینەکانی و، هەروەها لاپەڕەی ئابووری و ریکلامی بازرگانییەوە دەبێتە هۆی پەرەپێدانی ئابووری، وەڵامی ئەو گریمانەیە دەداتەوە (کە رۆژنامە بەشێوەیەکی ئیجابی دەبێتە هۆی پەرەپێدانی ئابووری).

٣- رۆژنامەکان لە کوردستاندا رۆڵی ئابوورییانەیان نەبینیوە: رۆژنامەی خەبات وەک

ئۆرگـانێکی حـیـزبی هێـشـتـا ئەو ڕۆڵەی نەبینیـوە کـە ڕۆژنامـەیەکی ئەهلی لەڕووی ئابوورییەوە دەبینێت، چونکە بەر لەهەموو شتێک لیبرالآنە کارکردنی ڕۆژنامەکە مەرجی سـەرەکـیـیـە بۆ بوونی ئابوورییـانە لەو ڕۆژنامـەیەدا، هەروەها بوونی تایبـەتمەندێتی ئابوورییـانەو ڕۆڵی لە ڕۆژنامـەی خەبات لە پەرەپێدانی ئابووری ناکەوێتە ڕۆژنامـەیەکی گرنگ لەڕووی ئابوورییـەوە، چونکە ئەوەی هەیە تیـایدا ڕۆژنامـەنووسی ئابووری نییـە، ئەمەش وەڵامی ئەم گریمانەیە دەداتەوە (کە ڕۆژنامەکان لە کوردستاندا تاوەکو ئێستادا ئەو ڕۆڵەیان نەبینیوە کە پێویست بووە بیبینن).

## باسی دووەم

## پێشنیارو ڕاسپاردەکان

١- پێویستـە ڕۆژنامـەی خەبات لیبرالآنەتر کاربکات بۆ پێشخستنی ڕۆژنامـەی خۆی ئەویش لەڕێگای بەهەند وەرنەگرتنی پرەنسیپی حیـزبی لە بواری ڕۆژنامـەوانیـدا و بوێرانە قسەکردن لە ڕۆژنامەدا.
٢- پێویستـە نووسینگەو بنکەکانی خۆی لە دابەشکردنی فراوانتر بکات، بەجۆرێک لەو ناوچانەی تری کوردستان بگرێتەوە کە ڕۆژنامەکە نایگاتێ.
٣- گەر ڕۆژنامـەی خەبات لە ڕێگەی کۆمپانیایەکەوە هەڵسێ بەدابەش کردنی ڕۆژنامە، ئەوە داهاتێکی زیاتری دەبێت و، زۆرترین خوێنەر دەگاتە دەستی.
٤- گەر ڕۆژنامـەی خەبات لیبرالآنـە تر کاریکردو نووسینگەکانی خۆی لە دابەشکردنی فراوانترکرد، ئەوا پێویستە تیراژی خۆی زیاد بکات، چونکە ئەو تیراژە ئەمەی ئێستا پێویستییەکانی خوێنەر پڕ ناکاتەوە.

٥- پێویستە رۆنامەی خەبات گرنگی زیاتر بدات بەئاگادارییەکان، وەک سەرچاوەیەکی بەدەستهێنانی داهات، بەتەنسیق کردن لەگەڵ دامودەزگاو کۆمپانیاکان و، هەروەها نەخشاندنی بەجۆرێک لە رۆژنامەکەدا کە هەموو خوێنەرێک ببینێت.

٦- پێویستە زیاتر گرنگی بدات بەریکلامی بازرگانی جۆراوجۆر لە رێگەی کەسی پسپۆر لەم بوارەداو هەروەها تەنسیق کردن لەگەڵ کۆمپانیاو دامودەزگاو رێکخراوەکان و، هەروەها بوونی بەشی تایبەت بەریکلام لە نووسینگەکانی دابەشکردندا، ئەمەش بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەی زیاتری داهات بۆ رۆژنامەکە.

٧- رۆژنامەی خەبات پێویستە ئەو خەرجیانە کەمبکاتەوە کە نابێتە هۆی بەدەست هێنانی داهات لە رۆژنامەکەدا.

٨- رۆژنامەی خەبات زیاتر گرنگی بدات بەکاروباری بەرێوەبردن لە کەمکردنەوەی تێچوون و زیادکردنی داهاتدا، بەپەیرەو کردنی بنەمای کارگێری لە بەرێوەبردنی رۆژنامەکەدا.

٩- رۆژنامەی خەبات پێویستە گرنگی بەرۆژنامەنووسی بواری ئابووری بدات و، لاپەڕەی ئابووری بکرێتە رۆژانە.

١٠- پێویستە شەفافانە کار بکات و مانگانە تێچوون و داهاتەکانی خۆی بڵاوبکاتەوە.

١١- پێویستە زیادکردنی بەبابەتە رۆژنامەوانییەکان بدات بەشێوەی زانستی رۆژنامەوانی.

# سەرچاوەکان

**یەکەم: سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**

١- ئیدریس عەبدوڵلا، ئیعلانات لەرۆژنامەی ژیانەوە، گۆڤاری رۆژنامەڤانی، ژمارە ٩، هاوینی ٢٠٠٢.
٢- حەسەن یاسین، ٣٤ وانە لە بارەی رۆژنامەنووسی و رۆژنامەنووسی کوردەوە، دەزگای بڵاوکردنەوەی بەدرخان، سلێمانی ٢٠٠٤.
٣- د. حسن عماد مکاوی، ئەخلاقی کاری رۆژنامەنووسی، وەرگێڕانی مەم وریا قانع، خانەی وەرگێڕان ژمارە ٦٦، چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠٠٤.
٤- زەهرە باقریان ئیسفەهانی، پێناسەی رۆژنامەو بۆلینکردنی بەبۆچوونی یونسکۆ، وەرگێڕانی د. هیمداد حوسێن، جیهانی سێیەم و گەڕان بەدوای رۆژنامەنووسی ئازاددا. کتێبی گیرفان ژمارە ٣٣ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم سلێمانی ٢٠٠٢.
٥- سامان جەلال، رۆڵی رۆژنامە لە خولقاندنی رای گشتی خوێندکاران، سلێمانی ٢٠٠٢.
٦- عبدالحمید بەرزنجی، رۆڵی رۆژنامەگەری کوردی لە گەشەپێدانی کۆمەڵگای کوردیدا، سەنتەری برایەتی، ژمارە (٥) هەولێر ١٩٩٨ .
٧- د. کازمی موعتەمەد نەژاد، رۆژنامەگەری، وەرگێڕانی مەجید ساڵح، چاپی یەکەم، ٢٠٠٢.
٨- د. کمال مەزهەر، تێگەیشتنی زانستی و شوێن لە رۆژنامەنووسی کوردیدا.
٩- نادیە عمر کاکە سور، رۆڵی ئافرەتی کورد لەراگەیاندنی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانستی کۆمەڵناسی، پێشکەش کراوە، بەکۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین ٢٠٠٤.
١٠- نەژاد عەزیز سورمێ، رۆژنامەگەری کوردی، کتێبی برایەتی ژمارە ٣ چاپی یەکەم، هەولێر ١٩٩٩.
١١- هەڤاڵ ئەبوبەکر، راگەیاندن و راگەیاندنی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی ٢٠٠٢.

**دووەم: سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**

١- احمد الخشاب واخرون، المدخل السيوسيولوجي الاعلام، دارا الجيل للطباعة، الاسكندرية ١٩٧٤ .

٢- د. جيهان احمد روشتي، نظم الاتصال، الاعلام في الدول النامية، دار الفكر العربي، القاهرة ١٩٧٦ .

٣- جيهان احمد روشتي، الاعلام ونظرياتة في العصر الحديث، الطبعة الاولي، دار الاتحاد العري للطباعة، قاهرة ١٩٧١ .

٤- جيهان احمد روشتي، الاسس العلمية للنظريات الاعلام، الطبعة الثانية، دار الفكر العربي، قاهرة ١٩٧٨ .

٥- د. حسين عبدالقادر، ادارة الصحف، قسم الصحافة، جامعة القاهرة، الطبعة الثانية، ١٩٨٢ .

٦- ريبەر فتاح دور الاعلام في التنمية الاقتصادية، رسالة ماجستير، مقدمة الي كلية الادارة والاقتصاد جامعة دهوك، ٢٠٠١.

٧- شاكر ابراهيم، الاعلام ودورة في التنمية الاقتصادية والاجتماعية، مؤسسة ادم للنشر والتوزيع، الطبعة الاولي، ١٩٧٥ .

٨- طلعت هام، مائة سؤال عن الصحافة، دار الفرقان، الطبعة الثانية، ١٩٨٨.

٩- عبدالغني علي غفور، الاعلام العربي واقعة ومهماتة، معهد التدريب الاذاعي والتلفزيوني، بغداد ١٩٨٨ .

١٠- عبدالجبار محمد صالح، دور الصحة في التنمية الاقتصادية، مع الاشارة الي العراق بعد عام ١٩٦٨، رسالة ماجستير العلوم الاقتصادية، مقدمة الي مجلس كلية الادارة والاقتصاد، جامعة بغداد، ١٩٨٣ .

١١- عزيز السيد جاسم، مباديء الصحافة في عالم المتغيرات، دار افاق، بغداد، ١٩٨٥.

١٢- د. محمد شومان، اقتصاديات الاعلام، من موقع Google علي الانترنيت، ٢٠٠٤/١٠/

٢١ .

١٣- محمد عبدالقادر محمد، دور الاعلام، في التنمية، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، ١٩٨٢ .

١٤- م. دي فلور، بال روكاخ، نظريات الاعلام، ترجمة د. محمد ناجي، دار الامل للنشر والتوزيع، اردن، الطبعة الاولي ١٩٩٤ .

١٥- ميشيل الغريب، الصحافة تأريخها وحظارتها، بيروت ١٩٨٧ .

١٦- ميشيل حبيب خياط، التحقيق الصحفي والتلفزيوني، دمشق، ٢٠٠٢.

١٧- وليام ريفرز واخرون وسائل الاعلام والمجتمع الحديث. ترجمة ابراهيم امام، مؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٧٥ .

١٨- د. ياس خضر البياتي، الاعلام الدولي والعربي، جامعة بغداد ١٩٩٣ .

**سێیەم: سەرچاوەکانی بەزمانی ئینگلیزی**

1- Aleta Brwadin, Economic of newspaper, European Ubiversity Institute, sept, 2003.

لە ساتی yahoo لە ئینتەرنێت وەرگیراوە لە ١٨/ ١٠/ ٢٠٠٤ .

2- Elena Argentsi, Non- price Compition in the Italian, News-peper, Market, Bulding as a promotional devuce, European Uai-versity Instiute, sept. 2003.

لە سایتی yahoo لە ئینتەرنێت وەرگیراوە: لە ١٨/ ١٠/ ٢٠٠٤ .

## پەراوێزەکان


١- محمد عبدالقادر محمد، دور الاعلام في التنميه، منشورات وزاره الثقافه والاعلام، ١٩٨٢، ص١٢٤.
٢- محمد عبدالقادر محمد، المصدر السابق، ص١٣٠.
٣- ريبەر فەتاح، المصدر السابق، ص١٥.
٤- حسين ياسين، ٢٤ وانە لە بارەی رۆژنامەنووسی و رۆژنامەنووسی کوردەوە، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی بەدرخان، سلێمانی ٢٠٠٤، ل٧٢.
٥- ريبەر فتاح، المصدر السابق، ص٣١.

6- Aleta Brwadin, Economic of newspaper, European University Institute

لە سایتی Yahoo لە ئەنتەرنێت وەرگیراوە لە ٢٠٠٤/١٠/١٨ .

7- Aleta Brwadin previous source, p 28.

٨- د. محمد شومان، اقتصاديات الاعلام، من موقع google على الانترنيت ٢٠٠٤/١٠/٢١
٩- هەڤاڵ ئەبوبەکر، راگەیاندن و راگەیاندنی کوردی، چاپی یەکەم چاپخانەی تیشک، سلێمانی ٢٠٠٣، ل٨٩.
١٠- هەڤاڵ ئەبوبەکر، هسپ، ل٩٠.
١١- رێبەر فتاح، المصدر السابق، ص٨١.
١٢- ئیدریس عەبدوڵڵا، ئیعلانان لە رۆژنامەی ژیانەوە، گۆڤاری رۆژنامەڤانی ژمارە ٩، هاوینی ٢٠٠٢، ل٣٧٥.
١٣- د. حسين عبدالقادر، المصدر السابق، ص٥٠ .
١٤- د. حسين عبدالقادر، المصدر السابق، ص٤٨ .
١٥- د. ياس خضر البياتي، الاعلام الدولي والعربي، جامعه بغداد ١٩٩٢، ص٧٧ .
١٦- د. حسين عبدالقادر، المصدر السابق، ص٤٣ .
١٧- د. حسين عبدالقادر، المصدر السابق، ص٤٢ .
١٨- هەڤاڵ ئەبوبەکر، هسپ، ل٩٣.
١٩- هەڤاڵ ئەبوبەکر، هسپ، ل٩١ .

20- Aleta Brwadin. previous source, p. 68.

21- Aleta Brwadin. previous source, p. 72.

22- Elena Argentsi, Non- Peice copetition in the Italian Newspaper market, Bulding as a promotional device, European University.

23- Aleta Brwadin. previous source, p. 18.

٢٤- د. جيهان احمد روشتي، نظم الاتصال، الاعلام في الدول الناميه، دار الفكرالعربي، القاهره ١٩٧٦، ص١٠١.
٢٥- شاكر ابراهيم، المصدر السابق، ص٣٤٥.